
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٥، یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت کۆچی دوایی «کنیاز ئیبراهیم»**

بەڕێز فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی کوردانی دیاسپۆرا (FNDK)

ئێمە بە بیستنی کۆچی دوایی کەسایەتی و خەباتکاری تێکۆشەر و شوێنداری گەلەکەمان پرۆفیسۆر « کنیاز ئیبراهیم » خەمبار بووین.

بەم هۆیەوە لەسەر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز، و بنەماڵەی ڕێزداری خوالێخۆشبوو کنیاز ئیبراهیم ڕادەگەیێنین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

ڕۆحی کاک کنیاز ئیبراهیم شاد و سەری نەتەوەی کورد و دۆستانی ساغ بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١٨ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی



چالاکی تەبلیغی
٤



دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بوو بە هەوێنی شوناسی سیاسی و نەتەوەیی کورد
٦



فاشیزم خۆی لە ژێر عەبای ئایینیدا دەشارێتەوە
٨



دیمانەی کوردستان
١٠

# لاوازیی ڕێژیم تا دێت زیادتر دەبێت



هێزەکانی ئیسراییل شەوی ٣٠ی گەلاوێژ ڕایانگەیاند کە فڕۆکە شەڕکەرەکانیان چوار ناوەندی گرینگی سازکردنی چەکوچۆڵ و کۆگای چەک و تەقەمەنی حەماسیان کردووەتە ئامانج. شەوی پێشتریشی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە سووریە بڵاوی کردەوە ئیسرائیل بە سێ مووشەک، هێرشی کردووەتە سەر دامەزراوە و کۆگاکانی چەکوچۆڵ و تەقەمەنیی حیزبوڵڵای لوبنان.

جیا لەم هەواڵ و ڕاپۆرتە ناوچەییانە گرفتە نێوخۆییەکانیش بەشێکن لەو هاوکێشانەی کە کۆماری ئیسلامییان هێندەی دیکە خستووەتە پەراوێزەوە و لاوازیان کردوون؛ وەزارەتی کار و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی «پایش فقر» ڕایگەیاندووە: هێڵی هەژاری بۆ هەر تاکێک لە ساڵی ٩٩دا بریتی بووە لە ١ میلیۆن و ٢٥٤ هەزار تمەن کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتری خۆی ٣٨٪ زیادی کردووە؛ واتە هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٩ بۆ خانەوارێکی سێ کەسی ٢میلیۆن و ٧٥٨ هەزار تمەن و بۆ خانەوارێکی چوار کەسی ٣ میلیۆن و ٣٨٥ هەزار تمەن بووە. بە دیوێکی تریدا ڕێژەی هەژارانی ئێران کە دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە زیاتر لە ٢٧ میلیۆن کەس بووە!

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە لەماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێک هەواڵ و زانیاری لە تۆڕە میدیاییەکان بڵاو بوویەوە کە نیشان لە گرینگ نەبوونی پرسی ژیانی خەڵک لە ئێران دەدات؛ لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا دۆخی کۆرۆنا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو خراپتربوونی زیادتر دەچێت و هیچ ڕێگایەکی کردەییش بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە لە بەردەم خەڵکدا نییە، بۆ نموونە ناوەندی بێهداشتی قووچان ڕایگەیاندووە کە تەنیا لە یەک حەوتوودا ٣٠ کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست داوە. هەروەها «مێهدی کەریمی» جێگری زانکۆی زانستە پزشکییەکانی عەبادان، بە ئاماژەدان بەوەیکە ڕێژەی نەخۆشە کۆرۆناییەکان زۆرە و کادری دەرمانی کەمە و ماندوون، ڕایگەیاندووە کە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای خووزستان (ئەحواز) لە بارودۆخی هاوشێوەی بارودۆخی شەڕدایە. لەلایەکی دیکەشەوە «قاسم جان بابایی» جێگری وەزیری تەندروستی ڕایگەیاندووە کە نزیکەی ٥٠ هەزار کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناوەندە دەرمانییەکاندا خەوێندراون و هەروەها «حەسەن خوداپەرەست» بەڕێوەبەری ناوەندی فێرکاری، لێکۆڵینەوە و دەرمانیی قائمی مەشهەد وتوویەتی کە هەموو بەشەکانی نەخۆشخانە بێجگە لە بەشی منداڵبوون و ئای سی یووی منداڵان بۆ نەخۆشەکانی کۆرۆنا تەرخان کراوە.

هەروەها لە ئامارێکی دیکەدا «عەبدولڕەسوول هێمەتی»، جێگری تەندروستیی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی شیراز ڕایگەیاندووە کە ئاماری فەرمیی ڕۆژانەی گیان لەدەستدان بەهۆی کۆرۆناوە لەو شارەدا گەیشتووەتە ٥٠ کەس لە ڕۆژدا.

سەرۆکی دەزگای «بێهێشتی زەهرا»ش وتوویەتی: ڕێژەی قوربانیانی کۆڤید ١٩ لە چارەکە سەدەی ڕابردوو و ڕێژەی نێژراوانی ئەم نەخۆشییە لەم گۆڕستانە لە دەورانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق زیادتر بووە! و ڕۆژانە ٢١٦ کەسمان تەنیا لە تاراندا بە خاک سپاردووە.

ڕێکخراوی جیهانی بێهداشتیش لە تویتێکدا کە بە نەخشەیەکی کۆرۆنای جیهان نەخشێندراوە باسی لەوە کردووە کە ئێران لە هەموو وڵاتانی جیهان زیادتر بە ڤیرووسی کۆرۆنا پیس بووە کە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەنجامنەدانی خێرا و پێویستی واکسیناسیۆن بووە لەم وڵاتەدا. خەڵکی ئێران لەم دۆخەدا بەرپرسانی ڕێژیم و بەتایبەت شەخسی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران و سەعید نەمەکی، وەزیری تەندروستیی ڕێژیم بە تاوانبار دەزانن کە ئیزنیان نەدا ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ ئێران هاوەردە بکرێت و ڕۆژانە دەبێ شایەتی گیان لەدەستدانی خەڵک بن.

هاوکات لەگەڵ نارەزایەتییەکانی خەڵک بەنیسبەت هاوەردەنەکردنی ڤاکسینی کۆرۆناوە، «ڕەسووڵ فەلاحەتی» نوێنەری خامنەیی لە گیلان ڕەخنەگران بەو دۆخەی بە «مێشی سەر برین» شوبهاندووە و وتوویەتی: «کۆماری ئیسلامی بە ئەوپەڕی توانای خۆیەوە خەریکی هاوەردەکردن و دابینکردنی ڤاکسینە بەڵام جەماعەتێک هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی دەستپێکی نیزامی ئیسلامییەوە سازی ناکۆکییان لێداوە و وەک مێشی سەر برین وان».

ئەمە ڕاستەوخۆ بێڕێزییە بە شعوور و تێگەیشتنی خەڵکی ئەو وڵاتە و درۆیەکی ئاشکراشە چونکە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران هاوەردەکردنی ڤاکسینی کۆرۆنای لە دەرەوە قەدەغە کرد و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تۆوی کۆرۆنا لە ئێراندا نەبڕێتەوە و خەڵک بگەیەنێتە دۆخێک کە ڕۆژانە شایەتی گیان لەدەستدانی ئازیزانیان بن.

سەرەڕای هەموو ئەم دۆخە نالەبار و ناجێگیرە کە بەسەر خەڵکدا زاڵە و هۆشداریی کارناسان و چوونەسەرەوەی ڕێژەی گیان لەدەستدان بەهۆی کۆرۆناوە، چەند ناوەندی ڤاکسینەکردنی کۆرۆناش بەهۆی هاتنی عاشوورا و تاسووعا داخراوە و ئەمەش دیسان دەیسەلمێنێ کە ڕێژیم بەرژەوەندییەکانی خۆی لە گیانی خەڵک بۆ گرینگترە.

لوتکەی قەیرانەکانی پێوەندیدار بە نەخۆشی کۆرۆنا لە ئێران ئەو کاتە زیادتر خۆی دەردەخات کە ڕێژیم لە کتێبی دەرسیی «موتالیعاتی ئیجتماعیی پایە»دا ئیدعای کردووە ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی پێشڕەو لە دەرمانی کۆرۆنادا بە هەژمار دێت و ئەمەش درۆیەکی دیکەیە کە لە سیستەمی پەروەردەیی کۆماری ئیسلامیدا دەکرێتە مێشکی منداڵانەوە کە سەرمایەکانی داهاتووی هەر نەتەوەیەکن.

ئیتر پرسی ئاڵۆزتربوونەوەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە جێی خۆیدایە کە پرسێکی نوێ نییە و بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخەکە لە ئێران تا دێت خراپتر و مەترسیدارتر دەبێتەوە!

کۆی ئەم باس و بابەتانە ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەخات کە تا دێت ڕێژیم لەپەراوێزکەوتووتر و لاوازتر دەبێت کە دەکرێ ئەم مەسەلە وەک پێشمەرجی سەرەونخوون بوونی یەکجاری ڕێژیم لێک بدرێتەوە.

## پەیڤ

**دیوار**

**کەریم پەرویزی**

دەوڵەتی یۆنان ڕایگەیاندووە کە سیستمی ئاسایش و ئەمنیەتیی کە لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ پێشگرتن بە شەپۆلی پەنابەر جێبەجێی کردبوو دووبارە وەگەڕی دەخاتەوە. هاوکات ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە پرۆژەی ٤٠ کیلۆمێتر دیوارکێشان لەسەر سنووری وشکایی نێوان یۆنان و تورکیەی تەواو کردووە. گوایە ئەم دیوارەی چاکی کردووە، بە سیستمی ئەمنیەتیی تایبەتیش کۆنترۆڵ دەکرێ و بەو شێوە پێش لە هاتنی پەنابەران لە تورکیەوە بۆ نێو یۆنان دەگرێ، بەتایبەتی پەنابەرانی ئەفغانی! هەروەها دەوڵەتی تورکیەش ڕایگەیاندووە کە دیواری ١٥٠ کیلۆمێتریی لە نێوان سنووری ئێران و تورکیە کێشاوە و زۆرتری دەکا و دەیکا بە ٢٤٠ کیلۆمێتر.

لە ڕۆژانی پێشووشدا دەوڵەتی ڕووسیە ڕایگەیاند کە هێزی قورسی نیزامی دەنێرێتە سەر سنووری تاجیکستان و ئەفغانستان تاکوو ڕێگە لە دزەکردنی خەڵکی ئەفغانستان بۆ نێو تاجیکستان بگرێ!

لە سنوورەکانی ڕۆژاوادا لە تورکیە و یۆنان دیواری بێتۆنی و لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا لە سنووری چین و ڕووسیە دیواری تانك و زرێپۆش دادەنرێ تاکوو خەڵکی ئەفغانی نەچنە وڵاتەکانی دیکەوە!

ئەمە گەر هەر ئاوا وەکوو هەواڵی کۆچ و کۆچبەری چاوی لێ بکرێ ڕەنگە بە شتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو کە وڵاتەکان سنوورەکانی خۆیان توند بکەن تاکوو ئەمنیەتی خۆیان بپارێزن و پێش بە قاچاخی مرۆڤ بگرن، بەڵام کە دەچیتە قووڵایی ڕووداوەکە، کارەساتەکە زەقتر دەبێتەوە.

دیواری بێتۆنی و دیواری تانك و زرێپۆش بە دەوری وڵاتانی وەکوو سووریە و ئەفغانستان، دەکێشرێن کە خەڵکی ئەوێ کۆچ نەکەن! بەڵام هێزی نیزامیشیان لە ساڵانی ڕابردوودا ناردۆتە نێو ئەو وڵاتانە تاکوو دەسەڵاتێك کە خۆیان پێیان خۆش بووبێ لەوێ پشتیوانییان لێ بکەن!

کاتێك کە پووتین هێزی نیزامیی دەنارده سووریە تاکوو پاڵپشتی لە ئەسەد بکا یان ڕۆژاوا لەبەرامبەر پشتیوانیی وڵاتانی ناوچە لە ئەلقاعیدە و تاڵبان بێدەنگ بوون و دەیانبینی کە چەکوچۆڵ بە تاڵیبان دەگەیەندرێ تاکوو شەڕ و ماڵوێرانی لە ئەفغانستان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت بە ڕووداوی نەغەدە

هاووڵاتییانی خۆشەویست
خەڵکی مافخوازی کوردستان

بەپێی هەواڵێک کە لە «نەغەد»ەوە بە دەستمان گەیشتووە، بەهۆی دەمەقاڵەی چەند کەسێکی تورک و کورد» لە شاری «نەغەدە» شەڕ و هەڵپژانێک لەنێوانیاندا ڕووی داوە و بەداخەوە گەیشتووەتە چەک کێشان و تەقەکردن و دوو کەسی کورد بە ناوەکانی «فەردین ئیبراهیمی» و «محەممەد عەلیزادە» کوژراون و کەشی شار بە تەواوەتی ئاڵۆز بووە و بشێوی و نیگەرانی بۆ دانیشتووانی شار و دەوروبەری پێک هێناوە و بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو بەیانییەدا هیچ دەورێکی ئەوتۆیان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە خۆیان نیشان نەداوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە دوو نەتەوەی «کورد و تورک» بە درێژایی مێژوو لەو دەڤەرە پێکەوە ژیاون، لە هەموو بارودۆخێکیشدا دەبێ هەستی پێکەوەژیان و هەڵکردنیان لە سەرەوەی هەموو شتێک بێ و ئیزن نەدەن لەسەر چەند شتی بێ مایە و بەرژەوەندیی چەند کەسی نابەرپرسیار کێشە بکەوێتە نێوان دانیشتووانی ئەم شارە و ئەزموونی پێکەوەژیانی ئەم دوو نەتەوەیە ئەوەمان پێ دەڵێت تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان دیالۆگ، پێکەوە هەڵکردن و لە یەک تێگەیشتنە.

بە خۆشییەوە زانیارییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن لە هەر دوو نەتەوەی «تورک و کورد» کەسانێکی دڵسۆز بە پەرۆش بۆ ئاسایش و پاراستنی هێمنیی شار و هێورکردنەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوە لە هەوڵێکی جیددی دان و ئەوە مایەی دڵخۆشییە بۆ هەموو لایەک، وێڕای دەستخۆشی و ڕێز و پێزانینمان بۆ ئەو هەوڵە بەرپرسیارانەیان هیوادارین کۆمەڵانی خەڵکی شاری «نەغەدە» پێشوازی لەو هەوڵە مرۆڤدۆستانەیە بکەن و ئیزن نەدەن کەسانی ئاژاوەگێڕ ژینگەیان ناڕام بکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لەو ڕووداوە ناخۆش و نابەرپرسیارانەی چەند کەسی ئاژاوەگێڕ، هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆی پێشکەش بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە دەکا و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازێ و هیوادارە هەرچی زووتر ئارامی و ئۆقرەیی باڵ بە سەر شاری نەغەدە و دەوروبەریدا بکێشێتەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۱۷ی گەلاوێژی ۱٤۰۰ی هەتاوی**
**۸ی ئاگۆستی ۲۰۲۱ی زایینی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەنیسبەت تێرۆری مووسا باباخانی



بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار کراین دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی، کاک «مووسا باباخانی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی پیلانێکی لەپێشدا دارێژراو لە هۆتێل «گوڵی سلێمانی» لە شاری «هەولێر» لەلایەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کراوە و بە یەک دونیا هیواوە ماڵاوایی لە گەلی کورد و هاوڕێیانی کرد. کاک «مووسا باباخانی» خەڵکی دەڤەری «کرماشان» لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لەدایک بووە و ساڵی ١٣٧٨ پێوەندی بە ڕێکخستنی حیزبەوە بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی و خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد کردووە و پێشمەرگە و کادرێکی چالاک و بە بیروباوەڕ بووە و ئەرکی حیزبی بەڕێوە بردووە و بە ئەو کار و تێکۆشانە بەردەوامەی لە کۆنگرەی ١٧یەمی حیزبەکەیدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵدەبژێردرێت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە تێرۆریستییە، داوا لە لایەنە سیاسی، ئەمنییەتی و یاساییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا لە پێوەندی بە ئەم کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدواداچوون بکەن و بێ هەڵوێست نەبن و ڕێڕەوی یاسایی بگرنە بەر. هەروەها هاودەردی و سەرەخۆشی خۆمان بە ئەم بۆنەوە لە هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی نیشتمانپەروەری کاک «مووسا باباخانی» دەکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ئەم تاوانە تێرۆریستییە مەحکووم دەکەین و نەفرەت لە تێرۆر و داڵدەدەرانی تێرۆریزم دەکەین و داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکەین ئەم تاوانە تێرۆریستییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەرمەزار بکەن.

**سڵاو لە گیانی پاکی**
**کاک موسی باباخانی**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۱۷ی گەلاوێژی ۱٤۰۰ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی ساڵوەگەڕی فتوای جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کوردستان

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان
ئازادیخوازانی ئێران
کۆڕ و کۆمەڵە نیودەوڵەتییەکان

٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ بەرانبەر بە ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی، ٤٢ ساڵ بە سەر فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی ڕاپەڕیو و مافخوازی کوردستان تێدەپەڕێت. لە وەها ڕۆژێکدا دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەرکردنی فتوایەک داوای لە هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران کرد کە لە زەوی و ئاسمانەوە هێرش بکەنە سەر کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کورد قەڵاچۆ بکەن. دوابەدوای ئەو بڕیارە، هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ پاکتاوی خەڵکی مافخوازی کورد دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا شار و گوندەکانی کوردستان بوون بە ئامانجی هێرشی بەربڵاوی هەموو هێزە سەربازییەکانی ئێران و شەپۆلێکی تەبلیغاتیی دوژمنکارانە بۆ بەسیجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران و ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و خوێنڕشتن لە کوردستان وەکوو ئەرکێکی ئایینی وەڕێ خرا. لە بەرانبەر ئەو هێرشە دڕندانەیەدا خەڵکی کوردستان بە ڕێکخستنی خۆیان بۆ بەرەنگارییەکی قارەمانانە و پاڵپشتی لە هێزە خەباتکارەکانی خۆیان کە نوێنەرایەتیی داوا ڕەواکانی خەڵکیان دەکرد، لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە مێژووی خەباتی گەلانی ستەملێکراو دژ بە فاشیزم و کۆنەپەرەستی و سەرەڕۆییدا تۆمار کرد کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد و لەو شەڕە نابەرانبەرەدا دوژمنی تەیار بە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو و هێزی سەربازیی زۆر و زەبەند، لە بەرانبەر ئیرادەی بەرگریی گەلی کوردستاندا بە چۆکدا هات، هەر بۆیە خومەینی دوای سێ مانگ و لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا وێڕای دانان بە شکستی سیاسی و سەربازیی خۆی، لە هەڵوێستێکی ڕیاکارانەدا داوای ڕاوەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کوردی کرد. بەو پێیە کە بزووتنەوەی کوردستان لە بنەڕەتدا خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئاشتیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە و دوور لە هەر جۆرە لاساری و دوژمنکارییەک دژ بە گەلانی دیکە بووە و هەر لە سەرەتاشەوە ڕێکاری سیاسی و دیالۆگی بە تاقەڕێگای چارەسەری کێشەکان زانیوە، چاوەڕوان دەکرا ئەگەر خومەینی لە پەیامەکەی خۆیدا ڕاستگۆ بێت، ئاشتی و سەقامگیری باڵ بە سەر وڵاتدا بکێشیت و گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد بێت، بەڵام لە ڕاستیدا خومەینی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە هەڵسوکەوتێکی دووڕوویانەیان هەبوو و فەرمانی جەهادی ٢٨ی گەلاویژ هەرگیز کۆتایی پێ نەهات و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕێژیم بە شێوەیەکی داگیرکارانە لەگەڵ خاک و خەڵکی کوردستان جووڵاوەتەوە و سیاسەتی کوشتوبڕ و کاولکاری و تاڵان و تیرۆر و سڕینەوەی شوناس و کولتووری کوردی پێڕەو کردووە و وزە و سەرمایەیەکی مادی و مرۆیی سەرسووڕهێنەری لەو پێوەندییەدا تەرخان کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە نەک هەر نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان لە داوا ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە و بۆ خزمەت بە داگیرکاری و ئیدئۆلۆژیی کۆنەپەرەستانەی خۆی دەستەمۆیان بکات، بەڵکوو بە پێچەوانەی ڕابردوو کە دەنگی دلێری بزووتنەوەی کوردستان لە خەبات دژ بەو ڕێژیمەدا لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمتر دەبیسترا، ئێستا شەقامەکانی هەموو شارەکانی ئێران شاهیدی بەربەرەکانێی ڕادیکاڵی خەلکێکن کە دروشمی ڕووخانی ڕێژیم دەدەن و ئەگەر سەردەمێک کورد لە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا تەنیا بوو، ئێستا ئەو هەڵوێستەی بزووتنەوەی کورد هەموو ئێرانی گرتۆتەوە، بە جۆرێک کە لە دوایین هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سەرکۆماری ڕێژیمدا ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا هاوشێوەی کوردستان زۆر کەم بوو و سەرشۆڕی و شکستێکی گەورەی بۆ ڕێژیم تۆمار کرد.

هەربۆیە ڕێژیم لە دوای هاتنە سەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی وەکوو تاوانبارێکی ناسراو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە دەستی بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران و کوردستان سوورە، شەپۆلێکی نوێی لە دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و پیلانگێڕی دژ بە چالاکانی سیاسی و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی بزووتنەوەی کورد دەست پێکردووە کە لە ڕاستیدا هەر درێژەی فەرمانی جیهادی خومەینییە و نیشان دەدات کە بەربەرەکانێ و خەباتی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستان دژ بەو سیستەمە خۆسەپێنە ئازادیکوژە پێوەندیی بە نامۆبوونی داوا ڕەواکانی کورد لەگەڵ ماهیەتی دژەمرۆیی ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە و تا ڕووخانی یەکجاریی ڕێژیم و هەڵتەکاندنی بنەماکانی عەقڵیەتی پاوانخوازی ناوەندگرا لە ئێراندا درێژەی دەبێت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٤٢هەمین ساڵوەگەڕی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کورد و ڕۆژی بەرگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا، وێڕای دووپاتکردنەوەی پەیمانی وەفاداریی هەتاسەری خۆی بە خەبات بۆ دابینبوونی داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، ئاگاداری هەموو کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران دەکاتەوە کە خەباتی خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان بەشێک لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانە و لەو پێناوەدا خۆی بە پاڵپشت و هاوپەیمانی هەر هەوڵ و جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەم و گوتار و عەقڵیەتێک دەزانێ کە لە جەوهەری خۆیدا سیاسەت و بڕیارگەلی هاوشێوەی ئەو فتوا نگریسەی خومەینی بەرهەم دەهێنێت.

**سەرکەوتن بۆ بەرگریی قارەمانانەی خەڵکی کوردستان دژ بە پاوانخوازی و داگیرکاری**
**تۆکمەتر بێت ڕیزەکانی هاوپەیمانیی دێموکراتیکی نەتەوەکانی ئێران**
**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۲۷ی گەلاوێژی ۱٤۰۰ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت ڕووداوی نەغەدە

خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری نەغەدە!

خەڵکی بندەستی ژێردەسەڵاتی نگریس و خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەزانن کە مانەوەی ئەم ڕێژیمە دژی گەلییە کە سەرچاوەی هەموو ئازار و مەینەتەکانی کۆمەڵگاکەمانە، لە تێکدانی یەکڕیزی و پێکهێنانی گرفت و ئاڵۆزیی نێوان خەڵک بەگشتی و نەتەوەکانی ئێران و لە ڕیزیاندا دوو نەتەوەی مافزەوتکراوی کورد و تورکەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە بە شێوەی بەرنامەدارێژراو و لە ڕێگای دام و دەزگاکانیەوە هەوڵی درێژکردنەوەی تەمەنی بەسەرچووی دەدا.

داردەست و مشەخۆرەکانی ڕێژیم لە نەغەدە لە بەرگی درۆینی ئۆلی و نەتەوەییدا و بەناوی پارێزگاری لە نەتەوەیەکی تایبەت لە ئەوانی دیکە، لە ڕووداوەکانی نێوان خەڵک و پێشهاتەکان هەوڵی شلوێکردنی ڕوانگە و بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای داوە و لەنێوان دوو نەتەوەی پێکهێنەری پێکهاتەی جەماوەریی ئەم شارەدا تۆوی دوژمنایەتی چاندووە و کردوویەتی بە دەستمایە و دەرفەت بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی، لەو نێوەشدا کەم نین گوێ لە مستی فاشیزم و کۆنەپەرست کە فوو لە ئاگری ناکۆکییەکان دەکەن و بە چەواشەکرانی هۆکاری کێشەکان خوێ بە برینی کۆنە و نوێی خەڵکی ئەم شارەدا دەکەن و لە بەرژەوەندیی ئاغاکانیاندا خوێنی ڕۆڵەی کورد و تورکی ئەم شارەیان پێ دەڕێژن.

هاونیشتمانییانی بەڕێزی شاری نەغەدە!

مێژووی پێکەوەژیانی ئەم دەڤەرە شاهیدە کە هەرکات بە فیتی ناحەزانی ئاشتی و پێکەوەژیان، شەڕ و گرژی بەرۆکی ئەم شارەی گرتبێ، جگە لە ناحەزانی تەبایی کە بە ئاشکرا دەستوپێوەندی و پارێزەرانی ڕێژیمی زاڵی تارانن، هیچ لایەنێکی دیکەی ئۆلی و نەتەوەیی قازانجی لێ نەکردووە و دەسکەوتی لێ بەدەست نەهێناوە، ئەگەر کوژرانی کاسبکارێک کە لە ناکارامەیی هێزە ئینتزامییەکانی ئەو شارەیە، بەدڵنیاییەوە گۆڕینی ئاراستەی کێشەکە بۆ ناکۆکیی ئۆلی و نەتەوەیی تەنیا لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە کە بە ئاشکرا بوونی هەموو نەتەوەکان لەوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورک ئینکار دەکا، بەڵام لەوەها دۆخێکدا بە زەقکردنەوەی ئەم پرسە لە شارێکی بچووکی وەک نەغەدە تۆوی قین و دوژمنایەتی لەنێو خەڵکدا دەچێنێت.

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە شاری نەغەدە و دەربڕینی هاوخەمی بۆ گیانلەدەستدانی دوو هاووڵاتیی کورد، لەگەڵ کەسوکار و ئازیزانیان، هیوا دەخوازێت خەڵکی شاری نەغەدە جارێکی دیکەش نەکەونە داوی پیلانگێڕانی نەیاری یەکیەتی و یەکڕیزیی خەڵکەکەمان و نەغەدە هەر شاری برایەتی و پێکەوەژیانی دوو نەتەوەی هاوخەبات بۆ ئازادی و بەختیاری بمێنێتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**۱۷ی گەلاوێژی ۱٤۰۰ی هەتاوی**

# پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت شەهیدکرانی «مووسا باباخانی»



بۆ بەڕێوەبەرایەتیی بەڕێزی هاوڕێیانی دیکەی دێموکرات
بە سڵاو و حورمەت

هەواڵی شەهید و تێرۆرکرانی هاوڕێ مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەرایەتیتان بە قووڵیی غەمباری کردین. وێڕای محکوومکردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو پەڕی داخ و پەژارەی خۆمان بۆ لەدەستدانی ئەو تێکۆشەرە ماندووی نەناسەی دێموکرات دەردەبڕین و خۆمان نە تەنیا بە بەشداری غەمتان، بەڵکوو خۆمان بە غەم هەڵگرتوو دەزانین.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی، ئێوەی تێکۆشەر، هاوسەنگەران و دۆستانی کاک مووسا دەکەین و ئاواتی سەبر و سێبووری بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

**بەڕێزی دووبارە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**

# ڕاگەیەندراو بەنیسبەت کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانییانی بەڕێز!
خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، بە خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان، کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە، بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستووری کاری کۆبوونەوەی خستە بەر باس و دوای پەسندکردنی لەلایەن کۆبوونەوەکەوە، لە یەکەم بڕگەدا ڕاپۆرتێکی سیاسی لەلایەن بەڕێز مستەفا هیجرییەوە پێشکەش کرا.

لەو ڕاپۆرتەدا بەڕێز هیجری سەرەتا باسی لە دۆخی ئێران پێش لە دیاریکردنی «ڕەئیسی» وەکوو سەرۆککۆماری دیکەی ڕێژیم کردبوو و لەوێدا بەستێنە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستییەکانی ئێران و هەروەها دۆخی ناوچەکە کە بوونەتە هۆی خولقاندنی دۆخی هەنووکەیی کە ئاکام و درێژەی سیاسەتی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بووە، باس کرد.

لەو ڕاپۆرتەدا کە لێپرسراوی گشتی لەژێر ناوی: «ڕەئیسی، میراتگری دەوڵەتی ڕووحانی» باسی کرد، ئاماژەی بەو دۆخە پڕ قەیرانە ئابووری و شپرزەییە سیاسی و دۆخە پڕ سەرکوت و کوشتارە و دەستێوەردان و پەرەپێدان بە تێرۆریزمە کرد کە ئێران و ناوچەی بەرەو قەیرانە لەبن نەهاتووەکان بردووە.

کۆماری ئیسلامی کە دوای ڕێککەوتنی بەرجام داهاتەکانی تەنیا خەرجی سپا و گرووپە تێرۆریستیرەکانی دەکرد؛ بە هەڵوەشاندنەوەی بەرجام، ئەو سەرچاوە داهاتەشی لەدەست دا و گەمارۆکان بوونە هۆی وێرانتربوونی دۆخی ئابووریی ڕێژیم.

ئەمە لە کاتێکدایە کە پەتای ماڵوێرانکەری کۆرۆنا، زیاتر بێسەروبەری و سیاسەتە دژەمرۆییانەکانی ڕێژیمی دەرخست و دەستەوەستانی و نەزانیی ڕێژیم لە بەرامبەر کۆرۆنادا کۆمەڵگای ئێرانی بەتەواوی تووشی بێهیوایی کردووە. لە لایەکی دیکەوە دۆخی خەڵک لە ئێراندا گەیشتووەتە ئاستێک کە لە خۆپیشاندانەکانی ٩٦ و ٩٨دا، ترسیان لەم ڕێژمە کەم بوویەوە و لە خۆپیشاندانەکانی ناوچەی ئەحوازدا بەتەواوی ترسیان شکا و لەم بڕگەیەدا بەو پشتیوانییە بەرین و کەم وێنانەی کە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەت خەڵکی تاران لە لایەک و شەپۆلی پشتیوانیی وڵاتانی دیکە یەک لەوان ئامریکا و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، ئاستی خەباتی خەڵک قۆناخێکی دیکە بەرەو سەرەوە هەڵکشا.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ڕێژیم تەنیا و تەنیا پشت بە هێزە ئەمنیەتییەکانی دەبەستێت و بە دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەئیسی وەکوو سەرۆککۆمار و هەروەها بە پێکهاتەی دەوڵەتەکەی نیشانی دا کە ڕێژیم هەرچی زیاتر دەسەڵات قۆرخ و یەکدەست دەکات، لە بەرانبەریشدا خەڵک پەرەی زیاتر بە خەباتیان دەدەن، ئەمەش بەتایبەت لە کەمپەینی بەرفراوانی سەرتاسەری بۆ بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی سەرکۆماری و شۆراکاندا بە ڕوونی خۆی نیشان دا.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا بەڕێز هیجری باسی لە هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەیی کردبوو، لەژێر ڕێنوێنیی ئەو هەڵسەنگاندنەدا باسی لە ئەگەرەکانی بەردەم کردبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەو پەلەقاژەی مانەوەی هەنگاو دەنێ و خەباتی خەڵک بەرەو چ ئاست و دۆخێک دەڕوا.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە لە بەرامبەر ئەم گشتە قەیرانە کەڵەکەبووەدا، کلیلی چارەسەری سەرکۆماری تازە وەک لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرکۆماریدا وتی: «حەرەکەت لە ڕێڕەوی ئەو بایەخانەیە کە مەبەستی ئیمام خامنەییە» هەروەها وتی ئەرکی ئەو «پاراستنی میراتی شۆڕشە». هەر لە ئێستاشەوە ڕوونە کە ئەو قەیرانانە کە لە حاڵی پەرەگرتنی زیاتریشدانە بەو کلیلە چارەسەر ناکرێن و لە ئاکامدا و سەردەمی سەرکۆماریی ڕەئیسی و دەوڵەتەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە کارەساتبارتر لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕووحانی دەبێت.

لەو ئەگەرانەدا باس لە دۆخی کوردستان و حیزبی دێموکرات کرابوو و لەو بوارەدا ئەرکی سیاسی و تەشکیلاتی و بەرنامە پێویستەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنی خەباتی خەڵک و تێکۆشانی ئۆرگانیزاسیۆنی حیزب باس کرابوو.

دوای کۆتاییهاتن بە ڕاپۆرتەکە بەشدارانی کۆبوونەوە بە تێروتەسەلی لەسەر ڕاپۆرتەکە و لێکدانەوەی دۆخەکە قسەیان کرد و ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەندتر کرا و بڕیاری پێویست بۆ ئۆرگانەکانی حیزبی درا.

بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەی هاوبەش، پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بوو کە لەلایەن بەرپرسی هەیئەتی وتوویژ بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێشکەش کرا و لەوێدا دوایین ئاکامەکانی دانیشتنەکان و ڕێککەوتنەکان باس کرا و کۆبوونەوەکە وێڕای تەئیدی ڕاپۆرتەکە و کارەکانی هەیئەتی پێوەندیدار، پێداگریی لەسەر درێژەدان بەو وتووێژە بە مەبەستی هەرچی خێراتر بەئاکامگەیاندنی ڕەوتەکە کردەوە و پێداگریی لەسەر درێژەی کاری هەیئەت بۆ ڕێککەوتن لەسەر خاڵەکانی دیکەی ڕێککەوتنامە کردەوە.

بڕگەی کۆتایی کۆبوونەوەکە باس لەسەر کار و هەنگاوەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو کە وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر کاری هاوبەشی هێزەکان و بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاری، ڕێنوێنیی پێویست بۆ بەردەوامیی کار و بەرنامەکانی بەردەم ناوەندی هاوکاری بە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ناوەندەدا درا.

کۆبوونەوەکە دوای باس لەسەر بڕگە و بەرنامە کارییەکانی، وێڕای بڕیاردان لەسەر بەرنامە بەردەستەکان، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**
**٢٣ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

## درێژەی پەیف

درێژە بدا، نەك بێدەنگ بوون بەڵكوو ڕێك لەگەڵ پاڵپشتی تێرۆریزم و تاڵیبان، واتە كۆماری ئیسلامی خەریكی ڕێككەوتن و دانوستان بوون و ئێستاش دەیانەوێ لەگەڵی ڕێك بكەونەوە! لەكاتێكدا باس لە ئاشتیی سەقامگرتوو لە جیهان دەكرێ، بەڵام كردەوەكان وا نیشان دەدەن كە خەڵكانێك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ دیواری بێتۆنی و تانك و زرێپۆش بەدەوریان بچنرێ تاكوو لە وڵاتەكەی خۆیان دوور نەكەونەوە و ئارامیی ڕوسیە و چین و ڕۆژاوا تێك نەدەن. ئەمە لە كاتێكدایە كە حاكمەكانی ئەو وڵاتانە، لەلایەن یان ڕووسیە یان چین یان ڕۆژاواوە دیاری كراون یان هەر هیچ نەبێ بەتوندی پشتیوانی دەكرێن! خومەینی لە پاریسەوە نێردرایەوە بۆ تاران و خامنەیی لە مۆسكۆوە پشتیوانی دەكرێ! ئەسەد بە فرۆكەی ڕووسی ماوەتەوە و تاڵیبانیش ئەوە بەرهەمی هاوبەشی بازارموشتەركی جیهانییە!

تێرۆریزم، كوشتار، كۆچی بەكۆمەڵ، شەڕە بێكۆتاییەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دیواری بێتۆنی و تانك و زرێپۆشی سەرسنوورەكان نە دادەمركێنەوە و نە ڕووسیە و چین و ڕۆژاواش لە پریسكەكانی بەدوور دەبن. یەكەم مەرجی ئەوەیە كە ئەوان پشتیوانی لە حاكمە دیكتاتۆر و داسەپاوەكان نەكەن و مەرجی دووهەمی ئەوەیە كە ڕیشەی تێرۆریزم و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هێنانە ئارای سیستمی دادپەروەرانە كە هەموو نەتەوەیەك مافی خۆی بدرێتێ وشك بكرێ.

# تەرمی شەهید «مووسا باباخانی» لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە خاک سپێردرا



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژ، تەرمی شەهید «مووسا باباخانی» بە بەشداریی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب ئەسپەردەی خاک کرا. لەو ڕێوڕەسمەدا پاش خوێندنی سرووودی «ئەی شەهیدان و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان»، لەلایەن خالید عەزیزی سکرتێری لایەنی دیکەی دێموکرات، چەند وتەیەک سەبارەت بە شوێندانەریی شەهید مووسا باباخانی لەسەر پارێزگای کرماشان، پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرا.

خالید عەزیزی لە بەشێکی قسەکانیدا باسی لە کاریگەریی شەهید مووسا باباخانی لەو پارێزگایە کرد کە دەورێکی گرینگی هەبوو لە ڕێکخستنی خەڵکی ئەو پارێزگایە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە پیلاندا بێت بۆ شەهید مووسا و بتوانێت لە ڕێگای تێرۆرەوە حەزفی فیزیکیی بکات.

ناوبراو وتی: «هەرچەند کە کۆماری ئیسلامی توانی بە جەستە مووسامان لێ بستێنێت، بەڵام دڵنیایی بە خەڵکی ئەو پارێزگایە دەدەین کە دەیان مووسا بەڕێوەین بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش».

خالید عەزیزی هەروەها ئاماژەی بە گرینگیی کرماشان کرد و ڕایگەیاند: «پارێزگای کرماشان بەهۆی فرەچەشن بوونیەوە لە ڕووی ئایینی و ڕەگەزی، کە هەموانی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، بووەتە پارێزگایەکی هەستیار و کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە دروست بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە».

«عەزیزی» هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەو گرفت و قەیرانانە کرد کە بەرۆکی کۆماری ئیسلامییان گرتووە و بە دروستبوونی کێشەی بێ ئاوی لە ئەحواز و هەروەها کێشەی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری نەغەدە، وەکوو ڕابردوو، هەوڵی داوە لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی سەرکۆمارە نوێیەکەی، کێشە و دووبەرەکی لەنێوان دوو نەتەوەی کورد و تورک دروست بکات.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، ژیاننامەی شەهید مووسا باباخانی لەلایەن سەرگوڵ شابازی خوێندرایەوە.

مووسا باباخانی یەکێک لە تێکۆشەرانی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بوو کە پێشتر ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و دواتر لەگەڵ لایەنی دیکەی دێموکرات درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە .

ناوبراو لەو ماوەیەدا کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو، بۆ ماوەیەک لە تێلێڤیزیۆنی تیشک چالاکیی بەرچاوی هەبوو و دواتریش لە تێلێڤیزیۆنی کوردکاناڵدا ئەرک و بەرپرسایەتیی لە ئەستۆ بووە.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژ، تێکۆشەر «مووسا باباخانی» لەلایەن تێرۆریستانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە شاری هەولێری پێتەختی باشووری کوردستان شەهید کرا.

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزب
# بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە




دوای هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی و لەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی داگیرکەرانی ناوچەکانی باکوور و باشووری ئێران لەلایەن زلهێزەکانی سۆڤییەت، ئامریکا و بریتانیاوە هاتە ئاراوە، لەگەڵ کۆتاییهاتنی قۆناغێک لە دیکتاتۆریی پەهلەوی، هاوکات دەرفەتێک بۆ بووژانەوەی چالاکیی سیاسیی کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسییەکان ڕەخسا.

لە وەها هەلومەرجێکدا، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی، لەسەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە بیری سەربەخۆییخوازی و نەتەوەییەوە دامەزرا. سێ ساڵ دواتر، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی ژێ.کاف، وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی-دێموکراتیک بەڵام ڕێکخراوتر و بە بەرنامەتر دامەزرا کە تا ئەمڕۆ، وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی، لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی بەردەوامە.

لە کاتێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٧٦ـەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێت، خوێندنەوەی مێژووەکەی، قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشان و هەروەها سیاسەت و بەرنامەکانی، لەگەڵ هەموو شانازی و دەستکەوتەکان و کەوتن و هەستانەوەکانی، پێویستیشە لە دیدی ڕەخنەییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و قامک لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دابنرێت.

لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی دامەزرانەکەی کە کۆمەڵگا گەشەی نەکردووە، خاڵی جیاکەرەوەی ئەم حیزبە، ڕوانینی سەردەمیانەی بۆ کاروباری ڕێکخستن و بواری ڕێکخراوەیی بووە. بە وتەی د. قاسملووی نەمر، خودی دامەزرانی حیزبەکە، نوقتەگۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزبی پێشکەوتوو و سەردەمیانە کە بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێی ناوەتە ڕێڕەوی مێژوو.

هەنگاوێکی گەورەی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی مێژوویی خەبات و تێکۆشانیدا، دابڕان لە ڕێکخستنی خێڵەکی، بنەماڵەیی و ناوچەیی و ئاراستەکردنی خەبات بەرەو فۆڕمێکی کوردستانی بووە کە وەک ئامانجێکی مەزن، هەر لە جێی خۆیەتی. هەر ئەم ڕوانینەش وای کردووە کە ناسنامەی کوردبوون، ببێتە تەوەری سەرەکیی گوتار و کرداری ئەم حیزبە.

بنیاتنانی گوتاری نەتەوەیی و هەوڵی بێوچان بۆ گەشەی بیری کوردایەتی، ڕەهەندێکی دیکەی خەباتی حیزبی دێموکرات و کاریگەریی ئەم حیزبە بەسەر کۆمەڵگاوە بووە. بە گوتار و بە کردار، پێکهێنانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، نموونەیەکی مێژووییە لە کارنامەی نەتەوەیی ئەم حیزبە کە بۆ هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی خەبات مانابەخشە. کۆماری کوردستان بەر لەوەی ئەزموونێکی مێژوویی بێت، قوتابخانەیەکی هزرییە کە ڕێڕەو و داهاتووی خەباتی نەتەوەیی-دێموکراتیکی نەتەوەکەمانی وێنا کردووە. هەر وەک چۆن لە پەیامێکی دیکەدا ئاماژەم پێ کردووە، ئێستاشی لەگەڵ بێت، تاکی کورد خۆی بە هاووڵاتیی ئەم کۆمارە دەزانێت. کۆماری کوردستان بەو ڕەمز و کۆدە نەتەوەییانە دەناسرێتەوە کە بەشێکن لە ناسنامە و هێما گرانەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات، لەوانە ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگە و سروودی نیشتمانی کە لە خۆیاندا ئاماژەن بۆ بەردەوامیی ئامانجێکی پیرۆز لە چەشنی بنیاتنانەوەی دەسەڵاتێکی کوردی و کوردستانی وەک کۆماری کوردستان.

لە دەقی مێژووی سیاسی و بزاوتی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کولتووری ڕێکخراوەیی و کولتووری سیاسیی ئەم حیزبە کە هەر لە سەرەتاوە فاکتەری سەرەکیی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی بووە، لەگەڵ هەموو خاڵە بەهێزەکانی، ناکرێت چاوپۆشی لە خاڵە لاوازەکانی بکرێت.

سەربەخۆیی سیاسی، هاوسەنگی و واقعبینی، ڕاستگۆیی، پشتئەستووربوون بە خەڵک و گرێدانی چارەنووسی بزووتنەوەکە بە وزە وهێزی ناوخۆی ڕۆژهەڵات و لانەدان لە پرەنسیپ و هێڵە فکرییەکان، بەشێک لەو تایبەتمەندییانەن کە سەرباری کەوتن و نسکۆ و دابڕانەکان و شەهیدبوونی ڕێبەرەکانی، بوونەتە هۆکاری لەسەر پێ مانەوە و بەردەوامبوونی لە خەبات.

لەگەڵ هەموو ئەو تایبەتمەندی و بەها و پرەنسیپانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام ئەم حیزبە لە خاڵی لاواز بێبەری نەبووە. دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی ناوخۆیی کە ڕەنگە هۆکاری سیاسی، فکری یان تەشکیلاتی و بەڕێوەبەریی هەبووبێت، لە هەندێک قۆناغدا بەشێکی زۆر لە وزە و هێزی حیزبەکەی بەفیڕۆ داوە، وزەیەک کە دەیتوانی لە سەنگەری بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی بزووتنەوەکە بەکار هاتبا. زۆر جاریش ڕای جیاواز بووەتە دەستمایەی دژایەتی و ناکۆکی، تەنانەت تا ئاستی دابڕان و شەڕی خۆکوژی، بەبێ ئەوەی بیر لە دیالۆگ و چارەسەریی دێموکراتیک کرابێتەوە. دەرەنجامی ئەم حاڵەتانە لەگەڵ دابەشبوون و داهێزرانی توانای تەشکیلاتی، زۆر جار بووەتە مایەی بێ هیوایی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی ئەم حیزبە. گەڕانەوە بۆ ئامانجەکانی دامەزرانی حیزب، وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە حیزب ئامرازە نەک ئامانج، وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە خەڵکە و بۆ خەڵکە، دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا کولتووری پێکەوە هەڵکردن، یەکڕیزی و هاوخەباتییە کە لە ئامانجەکانی دواڕۆژ و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نزیکمان دەکاتەوە. لە کۆتاییدا دەبێ ئەرکی ڕێکخراوەیی، گرێ بدرێتەوە بەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی و ئەخلاقییەی کە لەسەر شانی حیزبەکەمانە و بە چەندین نەسڵە خوێن و قوربانیی بۆ دەدرێت. ئاشکرایە کە حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات و گەلەکەمان شایانی بەهێزبوون، گەورەیی و سەرکەوتنی مەزنن. نەشیاوە کە تێچووی هەڵەکان و پێکەوە نەبوون، قورسایی بخاتە سەر شانی بزووتنەوە و لە ڕاستەڕێی گەیشتن بە ئامانجەکان دوورمان بخاتەوە.

دۆخی کۆماری ئیسلامی

چەندوچۆنیی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرۆککۆماریی ئێران و سەرهەڵدانی خەڵکی شارەکانی هەرێمی چەوساوەی ئەهواز و هاوکات هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە هەرێمەکانی دیکەی ئێران و سەرکوتی خوێناویی ئەم خۆپیشاندانانە، جارێکی دیکە ئاماژە و نیشانەکانی قەیرانی دەسەڵات و مەشرووعییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای ٤٢ ساڵ دەسەڵاتدارێتیی خستە ڕۆژەڤی میدیا و ڕای گشتیی ئێران و جیهانەوە.

قەیرانەکانی ئێستای دەسەڵات و کۆمەڵگاکانی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە، ئەنجام و لێکەوتەی ڕاستەوخۆی سیاسەت و پلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. زنجیرەی گەمارۆکان، قەیرانی کۆرۆنا، قەیرانی ئابووری و وەک خودی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن «نەمانی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات»، لەگەڵ لێشاوی قەیران و ئاریشەی دیکەی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ژینگەیی، ئیداری، گەندەڵی، بەڕێوەبەری و بێکاری و هەژاریی خەڵک و...، تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەڵچنیوە. تێچوو و بارگرانیی ئەم قەیران و سیاسەتە چەوتانە لەسەر شانی خەڵک و بە تایبەتی کۆمەڵگا بێ ماف و پەراوێزخراوەکانی ئێرانە.

کەلێن و ململانێی زیاتر لە نێوان دەسەڵات و هەروەها بەرینتر بوونەوەی کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵک، بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانەی دوایی ڕووخساربەندییەکی نوێی لە ناڕەزایی و دەنگی «نا» بە دەسەڵاتی خستە ڕوو کە لە مێژووی دەسەڵاتی ڕێژیمدا کەم وێنە بووە، ئەویش یەکدەنگیی کۆمەڵگاکانی ئێران و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە بوو سەرەڕای جیاوازی لە بۆچوونەکانیان. ئەنجامی ئەم یەکدەنگییەش، بەشداری نەکردنی زۆرینەی خەڵکی خاوەن مافی دەنگدان بوو لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا. بەرانبەر بەم هەڵوێستەش، وەلی فەقیە «نا»یەکی دیکەی بە «نا»ی گشتیی خەڵکی ناڕازی وت و لە ڕێوڕەسمی «تەنفیز»ی سەرۆککۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیدا، جارێکی دیکە جەختی لەسەر بەشداریی بەربڵاوی خەڵک کردەوە. وەک هەمیشە باسی لە پیلانی دوژمنانی دەرەکی بۆ لێدان لە کۆماری ئیسلامی کرد. بە ڕێنوێنییەکانی ستایشی «مودیرییەتی جیهادی»ـی کابینەی ڕەئیسی و بەرەنگاربوونەوەی بەرەی دوژمنانی کرد. هاوکات ئەندامی کۆمیسیۆنی مەرگ لە تاوان و ئێعدامەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویی بە «عالمی فەرزانە» ناو برد. هەروەک بە دروستی لە ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیدا هاتبوو، بە هاتنی سەرۆککۆماری نوێ بەڵام مۆرەی بەڕابردووی سەرکوت، «سێبەری مەرگ» زیاتر لە ڕابردوو بەسەر فەزای ئێراندا قورسایی دەکات. بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ بەردەوامبوونی سەرکوتی سیستماتیکی دەسەڵات و دۆخی قەیراناویی ڕابردوو، سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکان دژ بە ڕێژیم بە دروشمی ڕووخێنەر بێنە ئاراوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی هەرێمی ئەهواز و پشتیوانیی بەشێک لە خەڵکی شارەکانی کوردستان و ئازەربایجان و ئیسفەهان و تاران لەم خۆپیشاندانانە، سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی لەلایەن ڕێژیمەوە، دەکرێت ئەم ڕەوتە لە ناڕەزایەتی وەک درێژبوونەوەی دەنگی «نا» بە کۆماری ئیسلامی هەژمار بکەین کە دوابەدوای هەڵبژاردنەکان هاتە ئاراوە. هۆکاری سەرهەڵدانی گەلی چەوساوەی عەرەب لە ئێران و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئەم جوغرافیایە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو پەیوەندییە لە داگیرکاری کە لەنێوان ناوەند و پەراوێزدا ڕیشەی داکوتاوە. بێجگە لە ڕەهەندە ئیداری، ئابووری، ئەمنی، پەروەردەیی و ژینگەییەکانی ئەم پەیوەندییە لە داگیرکاری، بابەتی بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و دواجار سەرکوت و تەحقیر و بەکەمینە کردن و بە ئەمنی کردنی ئەم هەرێمانە، تا دێ زیاتر درێژەی دەبێت و ڕەهەندەکانی بەربڵاوتر دەبنەوە. ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە کە لە ئەگەری سەرهەڵدان و ڕووداوی لەم چەشنە کە چاوەڕوانکراوە، ئەوە هەرێمە بندەستەکانن کە بە ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی خۆیانەوە، دەنگی پشتیوانی و هاوخەباتی بۆ یەکتر هەڵدەبڕن. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە گوێرەی سیاسەتی لەمێژینەمان، نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆمان دەزانین و وەک پرەنسیپێک، پێداگریی لەسەر دەکەینەوە.

حیزبی دێموکرات و پرسی حاکمییەتی کورد

بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی کوردی پەیوەستە بە پرسی ناسنامە، ئاسایشی نەتەوەیی، لابردنی ستەمی نەتەوەیی، دێموکراسی و لە هەموو گرینگتر مەسەلەی حاکمییەتی کورد بەسەر خاکی خۆیدا. کورد خۆی وەکوو ئێتنیک-نەتەوەیەکی بێحاکمییەت لە ئێراندا دەبینێت کە کراوەتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوت و ئاسیمیلەکردنی ناوەند. کوردیش، وەکوو باقیی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەبێ پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکی «نەتەوە» لە ئێران، پەیوەندیی داگیرکاری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. لە ئێران، پەیوەندیی داگیرکاری و سیستەمی سیاسیی تاکلایەنەی ئێتنیک- مەزهەبی، دوو جۆرە جەماوەری خاوەن سەروەریی سیاسی و گەلانی مافی سەروەری لێ ستێندراوی ساز کردووە. ئەم پەیوەندییە دووفاقییە، مەسەلەی مافی حاکمییەتی سیاسیی کردووەتە مەسەلەی سەرەکیی پێکەوەژیانی ئێتنیک- نەتەوەکان لە ئێراندا. لە کاتێکدا ئێلیتی ئێتنیک/ نەتەوەی سەردەست پێداگری لەسەر سیستەمێکی سێکۆلاری دێموکراتیک دەکات، کۆمەڵگە ژێردەستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیستەمی دێموکراتیکی سێکۆلار، بە تەنیا ناتوانێت هاوسانیی پێکهاتەیی، دامەزراوەیی، مێژوویی، فەرهەنگی و سیاسی بێنێتە دی. هەر بۆیە گرووپی دووهەم پێداگرن لەسەر زامنکردنی حاکمییەت بۆ هەمووان کە دەبێ نیشانەکانی «دێموکراسی» و بنەماکانی پێکهێنانی دەسەڵات لە ئێراندا، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. بەبێ ئەم پێناسە کردنەوەیە، پەیوەندیی داگیرکاریی ناوخۆیی درێژەی دەبێت. سەرەڕای ئەمانە، بەبێ هەڵگرتنی هەنگاوێکی بنەڕەتیی لەم چەشنە، ناهاوسانیی مێژوویی دووبارە بەرهەم دێتەوە. لە ئاکامدا، هەموو ئێتنیک-نەتەوە غەیرە فارسەکان لە هەرچەشنە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە بێبەش دەبن و مێژووی سەرکوت و بێبەشی، سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە کە ئەمە بۆ هەرێمە نەتەوەییەکان قابیلی قەبووڵ نییە. هەر بۆیە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر مافی حاکمییەت بۆ کورد و هەرێمە بندەستەکان دەکەینەوە.

لە کۆتاییدا، جەخت دەکەینەوە سەر دوو ئەسڵی مافی نەتەوەیی (سەروەری) و دێموکراسی (فرەنەتەوەیی) لە دواڕۆژی پاش کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵیی جوغرافیایی- نەتەوەییە. ئەم دوو ئەسڵەش، بنەمای سازدانی هەر جۆرە هاوپەیمانی و بەرەیەکی دێموکراتیکە لە دژی دەسەڵاتی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی و مسۆگەرکردنی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان.

سەبارەت بە ناوماڵی کورد، جەخت لەسەر ڕێزدانان بۆ جیاوازیی بۆچوونی سیاسی و تۆلێرانس لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراو و کەسایەتی و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە. بۆ ئەوەی بە گوتارێکی نەتەوەیی و پلاتفۆرمێکی هاوبەشی خەبات، بەرەو پیریی هاوکێشە چاوەڕواننەکراوەکان بچین. ئامانجی گەورەمان ئەوەیە کە بە هاوخەباتی و پێکەوە بوون، بەرەو بنیاتنانی ڕۆژهەڵاتێکی بەهێز و شوێندانەر هەنگاو بنێین، چوون پێمان وایە کە خەباتی شار و شاخ لە پێناو مسۆگەرکردنی ڕۆژهەڵاتێکی بەهێز، کەڵک وەرگرتنە لە هەموو دەرفەت و هێز و پتانسییەلێک کە لە خزمەت بەرژەوەندی و داهاتووی خەباتەکەماندایە. سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە، هەوڵی هەمیشەییمان ئەوە بووە کە لەگەڵ لایەنی دیکەی دێموکرات بە شێوەیەکی گونجاو و قابیلی پەسەندی هەردوو لا، یەک بگرینەوە.

لەم یادە پیرۆزەدا، وێڕای پیرۆزباییی ٧٦ـەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەری ڕێز دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بنەماڵەکانیان، بە تایبەتی شەهیدانی ڕێبەرمان.

سڵاو لە ئیرادەی لە شکان نەهاتووی زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر. سڵاوی وەفا بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانە کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تەمەنی خۆیان تەرخان کردووە. سڵاوی ئەمەگداری بۆ کەمئەندامانی ڕیزەکانی کوردایەتی. سڵاوی ئەمەگداری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ و لە شار و سەرجەم چین و توێژە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان.

**بە هیوای یەکڕیزی و تەبایی**
**سەرکەوێ هاوخەباتی**

# دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بوو بە هەوێنی شوناسی سیاسی و نەتەوەیی کورد



**محەممەد سلێمانی**

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، بە سەرەتای سەرفەسڵێکی نوێی تێکۆشانی سیاسی و ڕزگاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێ و فراوانی بیرکردنەوە و هەنگاوە دێموکراتیکەکانی حیزب لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ شوێنی بەرچاوی لەسەر وشیاری نەتەوەیی گەلی کورددا هەبووە و بەگشتی فۆرمی ڕێکخراوەی گۆڕی و گۆڕانکارییەکی فراوانی لەو بوارەدا پێك هێنا.

کۆمەڵەی ژێکاف سەرەتای تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کورد بوو کە ئەو دەرفەتە گەورەی بۆ پێشەوا قازی محەممەد ڕەخساند بۆ ئەوەی توانایی و لێهاتووییە سیاسی و نەتەوەییەکانی بە تەواوی گەڵاڵە و ئامادە بکات و پاشان بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی دەستپێکرد. لەو سەردەمەدا حیزب زۆر بەخێرایی گەشەی کرد و زۆر بڕیاری گرینگ و مێژوویی دران کە لە ماوەی کورتی تەمەنی سیاسی خۆیدا بوونە ماکە و سەرچاوەیەک کە کورد تا بە ئەمڕۆش شانازییان پێوە دەکات.

هێزێکی وەك حیزب کە باوەڕی بە مافی گەلەکەی و گۆڕانکاری فراوان لە ئێران و کوردستاندا هەبوو، دوو ئەرکی زۆر گەورەی لەپێش بوو کە دەبوو لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجامی بدات، وەك ڕێکخستن و ئامادەکردنی خەڵك بۆ پشتیوانی لە هەنگاوە نەتەوەییەکانی حیزب و پاشان بە شێوەیەکی شارستانی و بە دوور لە دەمارگرژی ناوچەیی و خێڵایەتی، ڕێبەرییان بکات و بە یەکگرتوویی ئیدارەی کوردستان بکات.

کۆمەڵگای کوردستان ڕاستە بەهۆی ستەمی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەباشی پێش نەکەوتبوو و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە زۆر لەپاش بوو، بەڵام هەستی نەتەوەیی و خەونی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان بەتەواوی هەستی پێدەکرا و زەمینە و مێژوویەکی دێرینی لە نێو گەلی کورددا هەبووە، هەربۆیەش حیزب بە خێرایی بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەیی بە نێو چین و توێژە گەلییەکانی کوردستاندا بڵاو کردەوە و بە هەزاران کەس خۆیان لە ڕیزەکانی حیزبدا ڕێکخست و بڕیاری سیاسی و تێکۆشانی نەتەوەییان لە ژێر ڕێبەری پێشەوای مەزن بە کۆمەڵ ڕاگەیاند.

بێگومان دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرج و قۆناخێکی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا و، بە چاوگێڕان بە ڕابردووی جووڵانەوەی نەتەوەیی ئەو بەشەی کوردستاندا، دروست بوون و هاتنە مەیدانی هێزێکی خاوەن ڕوانین و بەرنامەی جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی کە توانی مۆدێلێکی نوێی ڕێکخراوەیی هێناوە پێش و ڕێکخستن و پێشڕەوی کردنی شۆڕشی لەسەر ئەساسی بنەمایەکی نوێ دەستپێکرد و بڕیار و قەراری خەباتی ڕزگاریخوازی لە دەستی بنەماڵە یان سەرۆك هۆزێك کە بڕیاری گشتی بەسەر جووڵانەوەدا بدات بەتەواوی لە ژیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سڕایەوە و قۆناخێکی تازە لەو بارەوە هاتە نێو کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنی حیزب.

پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی وەك ڕێبەری حیزب توانیان بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات ماڵئاوایی لە کۆمەڵێك بەندوباوی تەقلیدی و سوننەتی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی تایبەت بە ژیانی ڕێکخراوەیی بێنن و ئیدی ئەوجار دەبوو کۆمەڵێك لە سیاسییەکان کە دەگەنە ئاستی بەرپرسیارەتی هەستیاری تەشکیلاتی بە سەرنجدان بە هەلومەرج و دۆخی سیاسی گەلی کورد، ڕوانین و بەرنامەی نەتەوەیی ڕابـــگەیەنن، پاش دامـــــەزراندنی حیزب بە حەق کاری زۆر گەورە و بەرچاویان ئەنجام دا و هەستێکی بەرزی نەتەوەییان لە نێو خەڵکدا بڵاو کردەوە.

وشیاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدڵنیاییەوە بەرئەنجامی ڕوانینی جەوهەرییانەی ئەو حیزبە بوو سەبارەت بە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکان لەو بەشەی وڵاتدا و مەودای دامەزراندنی حیزب و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئەگەر سەرنجی بخەینە سەر زۆر کەم بوو، ئەگەر ئەزموون و لێهاتووی پێشەوا نەبووایە ڕەنگە ئەو بڕیارە سیاسی و نیشتیمانییە بەو خێراییە نەدرابا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی پێشکەوتنخواز و دێموکرات، کە ژینگەی سیاسی و پەروەردەی نەتەوەیی بەتەواوی لە هێزەکانی تری جیا دەکاتەوە، هۆکاری بنەڕەتی بەهێزبوونی پێگە و نفووزی ئەو هێزە دیار و کاریگەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بووە و لە ئێستاشدا شوێنی گەورەی بەسەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا هەیە و سیاسەتێکی بەڕێوە نەبردووە کە زیان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بەشەکانی تری کوردستان بگەیەنێت.

وەك هێزێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بەردەوام لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا داکۆکیکارێکی بنەڕەتی ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بووە و بەوپەڕی شانازییەوە پێشەنگیی بزووتنەوەی سیاسی لەو بەشەی کوردستان کردووە و جگە لە ڕەچاوکردنی هێڵە گشتی و نەتەوەییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی، هەوڵی داوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا پرسی کورد وەك کێشەیەکی بنەڕەتی لە ئێران بناسێنێ و دۆست و پشتیوانی سیاسی بۆ بە دەست بێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرچەرخانێکی گرینگ و مێژوویی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا پێك هێنا و بە دانانی گەڵاڵە و بەرنامەی ڕوونی سیاسی و نەتەوەیی، جەوهەری ڕوانین و جیهانبینی نوێی هێنایە نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و خەمی چارەسەرکردنی کۆی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردی وەك خەمێك و ئەرکێکی نەتەوەیی خستە سەرشانی.

لە مەیدانی خەباتیشدا وەك هێزێکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی پێگەی بەهێز و جەماوەری فراوانە و ڕیشەی بەهێزی خۆی داکوتاوە و ڕێکخراوێکی بچووك نییە کە متمانە و خۆشەویستی لە سنووری چەند شارێك تێپەڕ نەکات و لە بەشەکانی تری ڕۆژهەڵات بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نامۆ بێت.

ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تەواوی لە هێزەکانی تری ڕۆژهەڵات جیا دەکاتەوە، نفووز و پێگەیەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی و بەگشتی لە باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ،خاوەنی قوورسایی جەماوەرییە و شوێنی گەورەی لە سەر ڕووداوەکانی ئێران و کوردستاندا هەیە و هەڵوێستە سیاسییەکانی بەردەوام بەرئەنجامی ڕوانینی ژیرانەی بووە و بە ڕێکخراوێکی جێگای باوەڕ و متمانەی خەڵك ناسراوە و لە ڕابردووشدا لە دەرفەتەکان سودی وەرگرتووە و بۆ داهاتووش هەنگاوی نوێی ناوە و بەدڵنیاییەوە بە پشتیوانی هەموو لایەك لەو قۆناخەی خەباتیشدا سەردەکەوێت.

حیزبی دێموکرات هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ باوەڕی بە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە و هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی بە ڕێگای دابینکردنی فیدراڵیدا لەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران بە شیاو دەزانێ و هەوڵ دەدات گەلی کورد وەك نـــــەتەوەیەکی گرینگی وڵات بە کۆی مافەکانی بگات و حکوومەتێکی دێموکرات کە ڕەچاوی پێکهاتەی سیاسی و نەتەوەیی ئێران بکات، دەسەڵاتی حوکمڕانی سیاسی بگرێتە دەست.

کاریگەری بیر و هزری نەتەوەیی حیـــزب لە نێو گەلدا بەتەواوی ڕیشەی داکووتاوە و پشـــــتیوانانی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کـــــوردستان لە هەموو وەختێك زیادتر هەست بە شانازی دەکەن کە وەك کوردێك لە باری بیروباوەڕی نەتەوەییدا خۆیان بە بەشێك لە حدکا دەزانن .

پێکهاتەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب لە سەر ئەساسی بنەمای ئەخلاقی سیاسی و وشیاری نەتەوەیی بینا کراوە و ژینگەی پەروەردەی حیزب بە جۆرێك بووە کە وەك گلێنەی چاو سەروەری بڕیاردانی سیاسی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بپارێزێ و لە پێناوی خۆسەپاندنی ڕێکخراوەییدا، زیان بە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی تری کوردستان نەگەیەنن.

دێموکرات بوونی حدکا هەر بەوەشە نەبەستراوەتەوە بەڵکوو بە کرداریش ئەو چەمکە فیکرییەی بەتەواوی پەیڕەو کردووە و ڕێزی لە بیروباوەڕ و فرەڕەهەندی لە کوردستاندا گرتووە و بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و کێشە لابەلاکان کە بۆی هاتبێتە بەرەوە، پەنای بۆ دیالۆگ و پێکەوە قسەکردن لەسەر ناکۆکییەکان بردووە و بەتەواوی خۆی لە میکانیزمی ڕەق پاراستووە تا ئەو جێگای دەرفەتی هەبووە.

٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی کە تێیدا هێزێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی سیاسی و شۆڕشگێڕ لە دایك دەبێت و بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاری حیزبی و پاشان ئیدارەکردنی کوردستان، بە کۆمەڵێك جیاوازی گەورەوە تێکۆشانی خۆی دەست پێدەکات و پەرە بە دێمۆکراسی نێوخۆیی دەدات کە ئەمە بۆتە نەریتێکی باو لە نێو حیزبدا.

لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی سیاسی لەگەڵ حکوومەتە دیکتاتۆر و ستەمکارە یەك بەدوای یەکەکانی ئێراندا بەرەوڕوویە و حکوومەتی شا و پاشان ڕێژیمی ئاخوندی سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بەتەواوی وێـــــکچوو و سیاسەتی هاوبەشیان هەبووە و بە توندی دژی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد سەنگەریان گرتووە و بە ڕێگای تیرۆر و توندوتیژیدا هەوڵیان داوە، خــــەباتی کورد لاواز بکەن و نەتەوەی کورد تەسلیم بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو تەمەنی سیاسی خۆیدا گەلێك شانازی گەورەی تۆمار کردووە و وەك سەرچاوەی بیری مۆدێڕنی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان سەیر دەکرێت، بەچەشنێک کە بەردەوام داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی نەتەوەیی کورد بووە.

هەروەها لە بەرامبەر داگیرکەری تاراندا، هەڵوێستە سیاسی و نـــــیشتیمانییەکانی بە زیانی گەلی کورد نەگۆڕیوە و پێشەوای مەزن وەك سکرتێر و پاشان سەرکۆماری کوردستان، لە بەردەم جەلادەکانی شادا زۆر بوێرانە بەرگری لە گەورەیی و قوودسیەتی نەتەوەکەی کرد و بڕیارێکی ئەوەندە گەورەی سیاسی دابوو، کە پاشان بە گیانی خۆی بەرگری لە گەل و دەسکەوتە سیاسییەکان کرد.

حیزبی دێموکرات بەدرێژایی قۆناخەکانی بەرخۆدانی خۆی، زۆر بوێرانە لە بەرامبەر داگیرکەری کـــــوردستان کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران بووە، تێکۆشاوە و پشـــــتی نەکردۆتە ئامانجە نـــــەتەوەییەکان و زۆر شێلگیرانە درێژەی بە ڕەوتی خەبات داوە و ئەگەر بەراوردێك لە نێوان قۆناخە سیاسییەکاندا بکەین، بەخۆشییەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەیەك وشیاری سیاسی و نەتەوەیی تێیدا گەشەی کردووە، کە بەهۆیەوە شـــــوێنی لەسەر بەرتەسکبوونەوەی پێگە و نفووزی ڕێژیمی ئاخوندی لە کوردستان هەبووە.

ســـــیاسەتی نەتەوەیی حیزب بەدیاریکراوی ئەوە بووە کە پشتیوانی لە هاوخەباتی و کۆدەنگی نیشتیمانی و یەکیەتیی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و لەگەڵ هێزە تێکۆشەرەکانی تری کوردستان لەســـــەر خەت بووە و دژی لێکترازانی هێزەکان و ناکۆکییە نێوخۆییەکان بووە، ئاشتی و پێکەوەکارکردن و هەڵکردن لە نێو سروشتی سیاسی کوردستاندا وەك دەســـــتمایەی بەنرخی جووڵانەوەی سیاسی کورد سەیر کردووە و بە زامنی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،**
**لە هەموو تەمەنی سیاسی خۆیدا گەلێک شانازی گەورەی تۆمار کردووە و**
**وەک سەرچاوەی بیری مۆدێڕنی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان سەیر دەکرێت،**
**بەچەشنێک کە بەردەوام داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی نەتەوەیی کورد بووە**

# پێناسەیەکی کورتی ٢٥ی گەلاوێژ

مەولوود ئابجامە(پەیمان)

بەشی دووهەم و کۆتایی




چەند خاڵێک لە مێتۆد و کارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

**١- سەردەمییانە و مۆدێرن بوون**
**٢- ڕەچاویی ئەخلاق لە سیاسەت**
**٣- شۆڕشگێڕبوون**

**سەردەمییانە و مۆدێرن بوون:**
سەردەمی بوون بەو واتایە کە ئەگەر حیزبی دێموکرات ٧٦ ساڵ لەوە پێش لە واقعێکی سیاسی و جوگرافیایی تایبەت پێکهات بە مەبەستی دابینکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەک ستراتیژییەکی نەتەوەیی و دێموکراسی، وەک بەهێزترین دەستەبەری ئەو مافە، لە تاکتیکەکانی خۆی لە ڕاستای گەیشتن بەو ستراتیژییەدا بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم و کۆمەڵگا نەرمی نواندووە و لە چوارچێوەی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا قەتیس و چەقبەستوو نەماوەتەوە.
ئەگەر کۆمەڵەی (ژ-ک) وەک حیزبێکی نەتەوەیی تەسکبین بەردی بناغەی حیزبی دێموکرات پێکدێنێ، بە دوای ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی کە سێ ساڵ دواتر لە ناوچەدا دێتە کایەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەر بینا دەکرێ کە حیزبێکی دێموکرات بە سیاسەت و بەرنامەی کراوە و هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتێک کە لەو ساڵانەدا سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی بووە.
بە تێپەڕبوونی زەمان و لێکدانەوەی ورد لە سەر بارودۆخەکە ناوی حیزب دەبێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دروشمە ستراتیژییەکانی دەگۆڕێن بە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» و دواتریش «بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی لە ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا».
لە ڕاستای ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دروشمە ستراتیژییەکاندا و هەلومەرجی داسەپاو بە سەر تێکۆشانی حیزبدا ڕێکخستنەکان و ئەو قانوونمەندییانە کە ڕێکخستنەکانی لە سەر بنیات نراون لە ئاڵوگۆڕی خێرادا بوون. بەم چەشنە سەرەڕای بەرتەسکبوونی مەیدانی خەباتی حیزب بە هۆی نایاسایی بوونی لە سەردەمی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، حیزب توانی لەو مەیدانە بەرتەسکانە بە شێوەیەکی شیاو کەڵک وەرگرێ و لە خەبات و بەرخۆداندا بەردەوام بێ.
ئاکامی ئەو کارە ئەوە بوو کە خەباتی نهێنی لە سەردەمی پاشایەتی و بۆ ماوەیەک خەباتی ئاشکرا دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە شێوەی ڕێکخستن، چەکداری و تەنانەت ئیدارەی بەشێکی بەرین لە کوردستان و دوای ئەوە درێژەی دووبارەی خەباتی نهێنی، دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە سەربڵیندی و شانازییەوە کراوە و دەکرێ.
لە چوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەیەکی دێموکراتیک و قانوونمەند یەکێک لە بنەماکانی هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی حیزب لە خوارەوە بۆ سەرەوە بووە.

**ئەخلاق لە سیاسەتدا:**
زۆرمان بیستووە بۆ فێڵ و چەواشەکاری دەڵێن ئەخلاق لە سیاسەتدا نییە؛ سیاسەت بریتییە لە درۆکردن، کەسێک کە درۆی زۆرتر و چاکتر بکات لە سیاسەتدا سەرکەوتووترە؛ ئەگەر ئەم پرسە بۆ زۆر کەس و لایەن وەڕاست بگەڕێ بەدڵنیاییەوە حیزبی دێموکرات باوەڕی بە درۆکردن نییە، حیزبی دێموکرات باوەڕی بە ئەخلاق لە سیاسەتکردندا هەیە و ئەخلاق بریتییە لەو چوارچێوەیەی کە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی لە سەر دەکرێت. ئەخلاق لە ڕوانگەی دێموکراتەوە بریتی نییە لە شتێکی پیرۆز و دەستکاری نەکراو و لە شوێنێکی دیکەوە هێنراو بەڵکوو بریتییە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ڕێککەوتنی لە سەر دەکرێت و دواجار دەبێ بە یاسا و دەبێ بە نۆڕم.
ئەو چوارچێوەی لە لای خەڵکی خۆی باسی دەکات و ڕێک دەکەوێت و بەڵێنی پێدەدات وەفادار دەبێت بەو چوارچێوەیە.
لە پێناویشیدا زۆر نرخی داوە و دەدات، بەڵام ئەگەر ئەخلاقت نەبێ ئاکامەکەی دەبێتە ڕەوتێکی ئۆپۆرتۆنیست کە هەر ڕۆژە و لە باوەشی کەسێکدا بیت، یان فرێ دەدرێی لە هاوکێشەکاندا؛ بەڵام کاتێک لە سیاسەتدا ئەخلاقت ڕەچاو کرد کە ئەساس و مێتۆدی حیزبی دێموکراتە، ڕەنگە زۆر جار گوشاری بۆ بێت لە لایەن دوژمنانەوە هەر وەک دەڵێن شۆڕش باریک دەبێتەوە بەڵام ناپسێت، ئەخلاقیش ڕەنگە باریک بێ بەڵام ناپسێت.

**شۆڕشگێڕبوون:**
شۆڕشگێڕبوون بەو مانایەی کە بە گژ سیستمی کۆنی زاڵدا دەچێتەوە و قەبووڵی ناکات، دەیهەوێت سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێ لە نێو کۆمەڵگادا کە ئازادی ئینسانەکان قەدری هەبێت. شۆڕشگێڕبوون بەو مانایەی کە لە پێناوی ئەو تێکەوەپێچانی سیستمی زاڵەدا و هاتنەئارای سیستمێکی نوێدا ئامادەیە نرخ بدات، لە تاک، گرووپ و لە حیزب نرخ دەدا تلە پێناوی بەرژەوەندی باڵادا و لە پێناوی ئاواتەکانی گەلدا. ئەوەیە شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات.
شۆڕشگێڕبوون لە نێوان دوو ڕەوتی لاوکیدا دەتوانین پێناسەی بۆ بکەین. یەکەم لادان لە شۆڕشگێڕێتی، هەندێ جار چەک لە دەست بوون، نیزامی گەریی و خۆ بە زۆر بە سەر خەڵکدا سەپاندن بە بێ ئەوەی لە پێناو ئارمانەکانی خەڵکدا خەبات بکەی ئەوە شۆڕشگێڕی نییە، لەو بەریشەوە بازەرگانی کردن بە ئارەق و ئازار و ڕەنجی خەڵک و پێشمەرگە و تێکۆشەران لە پێناو بەرژەوەندی شەخسیدا؛ ئەوەش شۆڕشگێڕبوون نییە.
حیزبی دێموکرات بریتییە لەو حیزبانە کە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی بە درێژایی ٧٦ ساڵ هەیە کە لە پێناوی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەییدا زۆرجار لە تاک، لە گرووپ و لە حیزبەکەش مایەی داناوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ئەساسی هەمان سیاسەت، بنەما و مێتۆدی کارکردن و هەنگاوەکانی بۆ خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئارمان و ئاواتەکانی گەلدا توندتر و جیددیتر کردووەتەوە، واتە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، قۆناغێکی نوێیە کە بە تێکڕای ئەو مێتۆد و سیاسەت و بیرکردنەوانەی کە ئەزموونی ٧٦ ساڵەی ئەو حیزبە وەسەر یەکی ناوە کەڵکی لێوەر دەگرێت و دەیهەوێ ڕێچکەیەکی نوێی خەبات بگرێتە بەر لە پێناوی ڕزگاری نیشتماندا، لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ بریتییە لە بڕوادابوون بە هێزی خەڵک، بریتییە لە دەروەست بوون بە ویستەکانی خەڵک، بریتییە لە دەروەست بوون بە ئەخلاق لە سیاسەتدا، بریتییە لە شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات.
٧٦ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەبات دەکات؛ لەم زیاتر لە ٧ دەیە دا، خەبات و قوربانیدان و زەحمەت و نـــــــرخدانی تێکۆشەرانی دێموکرات تەنیا کەسێک دەتوانێ دەرکی پێبکات کە خۆی ئەو نرخەی دابێت؛ ئەو نرخانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات داویانە لە گۆ نایەت و ناتوانی بەیانی بکەیت، دڵەخورپەکانی ئەندامێکی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات ئەو کاتەی کە دەیهەوێ بە دوژمنەکەی بڵێت لە سەختترین شەرایەتی ئەمنییەتیدا بە هەموو دژواری ئەمنییەکان کە ملهوڕ و سەرەڕۆ و جاش و جەللادەکانی ڕێژیم لە شار و گوندەکانی کوردستاندا سەپاندوویانە، دەیهەوێ بڵێت کوانووی شـــــــۆڕش هێشتا بەتینە، ئەو کاتەی کە تراکتێکی حیزبی بڵاو دەکاتەوە، دڵەخورپە و نیگەرانییەکان و ئەو هەستەی کە ئەو ئەندامەی حیزب هەیەتی لە وتن نایەت.
ئەو نرخەی ئەو کەسە دەیدات دەبێ هەزاران کتێبی لە سەر بنووسرێ، لێوی تینووی پێشمەرگەیەک کە لە شاخ و دۆڵی کوردستاندا بۆ ئەوەی لە دوژمنەکەی خۆی بشارێتەوە بە سەعات و چەندین ڕۆژ ڕەنگە خۆی حەشار بدات و چەندین سەعات ڕێ دەپێوێت بۆ ئەوەی بە دڵۆپێک ئاو بگات، عارەقی ئەو پێشمەرگەیە، لێوی تینووی ئەو پێشمەرگەیە، ئەو نرخەی کە لە پێناوی ئازادیدا دەیدات بۆ گوتن نابێت.
ئەو لاوانەی کە لە پێناوی ئازادی پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبن قسە کردن لە ئاستیان کەم دەهێنێ، بەخشینی ئەو ژیانە بۆ گوتن نابێت، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە لە زاری منداڵەکانیان دەگرنەوە دەیهاوێنە سەر داهاتی حیزب لە گۆ نایەت.
هیوا و بڕوای زیندانیانی سیاسی کە بە دەستی جەللادەکان و ملهوڕەکان دەسبەسەر کراون لە توندترین ئەشکەنجەدا، بەڵام هێشتا هیوایان ئازاد بوونە، ئەو هیوایە لە گۆ نایەت و لە هەموویان گرینگتر خوێنی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کە پێشکەشی نیـــــــشتمانی دەکەن و بە هەر دڵۆپە خوێنێکیان کە دەڕژێتە سەر خاکی کوردستان، داری پڕ لقوپۆی خەبات و تێکۆشانی پێ گەشاوەتر و سەوزتر دەکەن و بە خوێنی شەهیدان باڵا دەکات داری شۆڕشی نیشتمان ئەو خوێنە لە گۆ نایەت.
زمان و قسەکردن ناتوانێت مافی ئەو هەموو نرخانە بدات هەموو ئەوانە ئەو نرخانەن کە تێکۆشەرانی دێموکرات داویانە؛
بە هەزاران شەهید پێشکەش کراوە لە پێناوی ئەوەدا کە ئەو قوتابخانەیە، قوتابخانەی دێموکرات بووە بە کۆشکێکی گەورە و ڕازاوە و پڕ لە شانازی کە بە ناوی زێڕینی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی ڕازاوەتەوە. ئەوانە نرخگەلێکن لە پێناوی شۆڕشدا کە لە گۆ نایەن، تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین سەری ڕێز لە بەرامبەری هەموو ئەو نرخانەدا دابنێین و بـــــەڵێنی وەفاداری بە ڕێگاکەیان و ڕێبازەکەیان و ئاواتەکەیان بدەین.

**شۆڕشگێڕبوون بەو مانایەی کە بە گژ سیستمی کۆنی زاڵدا دەچێتەوە و قەبووڵی ناکات، دەیهەوێت سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێ لە نێو کۆمەڵگادا کە ئازادی ئینسانەکان قەدری هەبێت. شۆڕشگێڕبوون بەو مانایەی کە لە پێناوی ئەو تێکەوەپێچانی سیستمی زاڵەدا و هاتنەئارای سیستمێکی نوێدا ئامادەیە نرخ بدات، لە تاک، گرووپ و لە حیزب نرخ دەدا تلە پێناوی بەرژەوەندی باڵادا و لە پێناوی ئاواتەکانی گەلدا. ئەوەیە شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات**

---

## وێـــستگە

# حیزبی دێموکرات و پرسی ژنان

## بەشی دووهەم و کۆتایی: بەشداریی نیزامیی ژنان



نووسین: هێمۆ

خەباتی سیاسی و بەشداریی سیاسی بۆ هەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ چ ژن بێت و چ پیاو دەبێ وەکوو بەستێن و پێویستییەکی گرینگ چاوی لێ بکرێت، چونکە تاکوو مرۆڤی شۆڕشگێڕ بەو قەناعەتە نەگات کە بۆچی و لە پێناوی بەدەستهێنانی چ شتێکدا خەبات دەکات و پێی ناوەتە نێو دنیای سیاسەتەوە، هەڵگرتنی چەک و خەباتی نیزامی و چەکداری وەک ئاڵتەرناتیڤێک کە لە هەندێ قۆناغی خەباتدا گرینگی تایبەت لەخۆ دەگرێت، بێ مانا دەبێت.
ئەوەی کە راستی بێت ، گەلی کورد بە درێژایی هەموو ساڵانی خەباتی خۆی لە زۆربەی هەرە زۆری قۆناغەکانی خەباتەکەیدا دوو لایەنی سیاسی و نیزامیی پێکەوە گرێداوە، بەلام لە هەندێک کاتیشدا یەکێک لەم شێوازانە ڕەنگە بەپێی هەلومەرج و بەستێنەکە زەقتر و دیارتر بووبێ، بەڵام ئەمانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم دوو شێوازە لە خەبات هیچکات نە لە یەکتر و نە لە خەباتی گەلی کوردیش دابڕێن.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ماوەی ٧٦ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازیی خۆیدا و بەگوێرەی هەلومەرج و دەرفەت و بەستێنی ژینگەی خەباتی خۆی، لە هەر دوو شێوازەکە کەڵکی وەرگرتووە و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەم دوو شێوازە لە خەبات، دووانەی لێکدانەبڕاوی خەباتی ئەم حیزبەن.
بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم حیزبە هەمیشە بە پێی بەرنامە و پلانی پەروەردەیی تایبەتی خۆی، هەوڵی داوە کە بە پەروەردەی سیاسیی ڕێکوپێک، ئەندامانی خۆی بەو قەناعەتە بگەیێنێ کە حیزبێکی شەڕخواز نییە و ئەگەر دەستی داوەتە چەک تەنیا و تەنیا بۆ بەرگری لە خۆی بووە و بە دڵنیاییشەوە لە هیچ قۆناغیکی خەباتی حیزبی دێموکراتدا نابیندرێت کە هێرشی کردبێت جگە لەوەی کە ئامانجی تەنیا بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کورد ئەویش لە ڕێگای ئاشتییانەوە بووە کە شەهیدبوونی هەردوو ڕێبەری گەلەکەمان، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی شاهیدی ئەم بابەتەیە.
حیزبی دێموکرات لە قۆناخێک لە خەباتی خۆیدا و تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردستان، بە ناچاری خەباتی چەکداریی خۆی کەمرەنگ کردەوە کە ئەمە لە لایەن تەنانەت خودی ئەندامانی ئەم حیزبەشەوە کەوتە بەر ڕەخنە، بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵانەدا حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی پوویا لە پێگەیاندنی سیاسیی ئەندامانی خۆیدا بەردەوام بوو تاکوو لە نەورۆزی ٩٥ی هەتاویدا و پاش بڕیاری ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزب، بڕیاری دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درا کە چالاکیی پێشمەرگانە و حوزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵك بەشێکی گرینگ لەم خەباتە بوو.
پاش دەسپێکی راسان پۆل پۆل لاوانی ئازادیخوازی کوردستان پەیوەست بە ڕێزی پێشمەرگەوە بوون کە بە خۆشحاڵییەوە لە هەموو دەورەکاندا ژنان و کچان وەک کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم خەباتە بەشداریی چالاکانەیان هەبوو. کچان و ژنانێک کە بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی، نە زەعیفە بوون و نە پێشمەرگەبوونیان بە کارێکی تایبەت بە پیاوان دەزانی.
ژنان لەم قۆناغە لە خەباتدا زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات توانیویانە بدرەوشێنەوە و ئەرک لە ئەستۆ بگرن، هەر بۆیە دەکرێ ئەم قۆناغە هەم بۆ ژنان و کچان و هەم بۆ حیزبی دێموکراتیش وەکوو قۆناغێکی گرینگ و جێی بایەخ و جێێ شانازی چاوی لێ بکرێت.
ئەم بەشدارییە بووە بەستێنێک بۆ ئەوەی کە لە ١٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا، پۆلێک کچی ئازا و چاونەترسی کوردستان ، لە دەورەیەکی تایبەتدا و پاش تێپەڕکردنی ماوەیەک لە ڕاهێنانی سیاسی و نیزامی، پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بن کە ئەم ڕووداوە لە ٧٦ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ڕووداوێکی بەڕاستی بێوێنە و جێگای شانازی بوو.
ئەم بەشداری کردنە بەرچاو و کارایە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتەکانی خۆی بەنیسبەت سەرکوتی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان شکستی هێناوە و چیدیکە ناتوانێ بەناوی زەعیفە بوون و ڕەگەزی دووهەمەوە سەرکوتیان بکات و ئەوان لە خەون و ئاواتەکانیان دور بکاتەوە.
کچان و ژنانی کوردستان ئێستا لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستاندا، بۆنی بارووتیان لێ دێت و بەیانیان بە چریکەی بولبولی شاخەکانی کوردستان و پرشنگی هەتاوی بەیانیانی نیشتمان ڕۆژ و خەباتی دووبارەیان دەست پێ دەکەن.
ئەوان بە تێگەیشتن لە دۆخی ژیانی خۆیان و هاوڕەگەزەکانیان ، چەکیان هەڵگرتووە و لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیان خەبات دەکەن و هەبوون و چالاکی و تێکۆشانیشیان بووەتە چقڵی چاوی دوژمنانی گەل و بەدڵنیاییەوە ئەو خەباتەکەی کە ژن پێشەنگایەتیی بکات هەر مەحکوومە بە سەرکەوتن.
بەرز و پیرۆز بێت یادی ٧٦ ساڵی دامەزرانی حیزبی پێشەنگی کوردستان و شەکاوە بێت ئالای خەباتی گەلەکەمان

# فاشیزم خۆی لە ژێر عەبای ئایینندا دەشارێتەوە



**زاگرۆس**

ئەمرۆ ٤٢ ساڵ بەسەر فتوای حەلاڵ کردنی ماڵ و ژیانی کورددا تێدەپەڕێ لە لایەن خومەینی خوێنمژەوە. ڕاست ٤٢ ساڵ بەر لە ئێستا، خومەینی بە دەرکردنی فتوا دژی نەتەوەیەک کە زۆربەی تاکەکانی موسوڵمانن، لە باری ئایینییەوە کارێکی دژە ئایینی کرد کە هیچ دەق و یاسایەکی ئایینی ئیسلام پاساو بۆ دەرکردنی فتوای لەم چەشنە ناهێننەوە و لەڕاستیدا بە کارێکی دژەئایینیش پێناسە دەکرێت و تەنانەت دەسەڵاتی داعشیش بەو کارنامە ڕەشەی کە پاش خۆی جێی هێشتووە فتوای لەم چەشنە لە کردەوکانیدا بەدی ناکرێت و لە مێژووی ئیسلامیشدا بە درێژایی نزیک بە هەزار و پانسەد ساڵ تەمەنی ئەم ئایینە هیچ فتوایەک بەدی ناکرێت کە دژ بە نەتەوەیەک دەرکرابێت کە زۆربەی ئەندامانی موسوڵمانان پێکیان هێنابێت.

خومەینی کە لە ساڵی ٤٢وە پێی نابووە گۆڕەپانی سیاسەت و سەرەتا بە داواکاری ڕیفۆرمیستانە لە دەسەڵاتی پاڵەوی و پاشان لە ٥٧دا بە داواکاری ڕووخان، ڕێبەرایەتی بزوتنەوە ئیسلامخوازەکانی لە نێو خەڵکی غەیرە کورد لە ئێراندا دەکرد و لەم ماوەدا هەرچەند زۆر جار و پاش ئەوەی لە ساڵی ٥٧دا چەند جار دەسەڵاتی پاڵەوی خەڵکێکی یەکجار زۆری لە دژبەران و ناڕازییەکان لە شەقامەکاندا کوشت، داوای لێکرابوو دژ بە دەسەڵاتی حەمەڕەزا فتوای جەهاد دەر بکات بەڵام خۆی لەو کارە بواردبوو و وەک نزیکانی دەیگێڕنەوە بە کارێکی دژە ئایینیش پێناسەی کردبوو.

هەروەها هیچکات دژ بە دەسەڵاتی بەعس کە لە شەڕێکیماڵوێرانکەردا نزیک بە نیو میلیۆن کەس لە خەڵکی دوو وڵاتی ئێران و عێراق بوونە قوربانی سیاسەتی پاوانخوازانەی ئەم دوو دەسەڵاتە هیچکات ئامادە نەبوو تەنانەت دژ بە گشتیەتی ئەرتەشی عێراق فتوای جەهاد دەربکات.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێ چی ڕووی دابێت تا خومەینی ئامادە دەبێت دژ بە نەتەوەیەکی زۆرینە موسوڵمان فتوای جەهاد دەربکات؟

تا هەنووکە زۆر کەس و لایەن لەو بابەتە دوواون کە شەڕی پاوە و کوژرانی چەند پاسدارێک و کەوتنە مەترسی گیانی پاسدارێک بە ناوی چەمران بووەتە هۆی ئەوەی کە خومەینی دژ بە نەتەوەی ئێمە فتوای جەهاد دەربکات!

هەرچەند ئەم ئاماژانە دەتوانن بەشێک بن لە هۆکارە ڕواڵەتییەکان بەڵام دەبێت بۆ وەرگرتنی وڵامی ڕاستەقینە کە کۆماری ئیسلامی و ناوەندتەوەرەکان هەمیشە هەوڵی شاردنەوەیان داوە تۆزیک قووڵتر بڕوانینە کێشەکە و چۆنیەتی دەرکردنی فتوای لەم چەشنە.

سەرەتا با ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەو کەسانەی بۆ دەرکردنی فتوای جەهاد بەڵگەی کوژرانی چەند پاسدار و کەوتنە مەترسی چەمران وەک بەڵگەی دژکردەوەی خومەینی لەهەمبەر ئەم ڕووداوانە دێننە ئاراوە. کەسایەتی خومەینی و خوازیاربوونی ئەم کەسە بۆ خوێنڕێژی بە باشی ناناسن، هەرچەند لە وڵاتی ئێراندا لێکۆڵینەوەیەکی دەرونشیکاری زانستی لە سەر کەسایەتی خومەینی نەکراوە و لە بنەڕەتدا ئیزن بە کارێکی لەو چەشنە نادرێت بەڵام بە وتار و قسە و کردەوەکانیدا دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە خولیای خوێنڕژان و کوشتن بووە جا چ ئەم کوشتنە لە دژبەرانی بوویێت یان لە نزیکانی خۆی.

لەڕاستیدا خومەینی خاوەن هیچ هەستێکی تایبەت بۆ هیچ کەس نەبووە تا کەوتنە مەترسی گیانی پاسدارێکی وەک چەمران یان کوژرانی چەند پاسدارێکی دیکە لە شاری پاوە هێندە کاریگەری لە سەر هەستی دابنێت و بە پەلە هەڵوێستێکی بەو گرینگییە، ئەویش دەرکردنی فتوای جەهاد بگرێت کە خۆی دەیزانی و ئاگادار بوو بۆ هەمیشە لە کارنامەیدا دەمێنێتەوە.

وەک نزیکانی خومەینی باسی دەکەن ئەو عاشقی ئەو ئایەتانەی قورعانی پیرۆز بوو کە باس لە کوشتن و کوژران دەکەن و تەنانەت لە یەکێک لە وتارە بەناوبانگەکانیدا دەڵێت: «کەم باسی مێهرەبانی قورعان و حەزرەتی عەلی بکەن! بۆ باسی ئەوە ناکەن کە خەلیفەی چوارەمی موسوڵمانان دەیان هەزار کەسی کوشتووە!!! لەڕاستیدا ئەو لە باری دەروونییەوە حەزی لە کوشتن بوو و ئەم ڕاستییەشی بە فەرمانی کوشتن و هەڵگیرسانی شەڕ و کوژرانی زیاتر لە یەک میلیۆن کەس بە هۆی کردەوەکانییەوە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیدا بە باشترین شێوە سەلماندووە.

جێگەی خۆیەتی وەبیریشی بێنینەوە هەر لەو ماوەیەدا تا بەر لە دەرکردنی فتوای جەهاد بە سەدان کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆ سەر وڵاتی ئێمەدا کوژرابوون و خومەینیش هیچکات بەو ئاکامە نەگەیشتبوو کە فتوای جەهاد دەربکات.

بەڵام بۆ لە پاوەدا ڕەوتی دەسەڵاتی خۆی کە بریتی بوو لە سەرکوتی وەحشیانە و شەڕ هەروەک پێشتر لەهەمبەر بزوتنەوەی خەڵکدا ڕەچاو ناکات و ناچار دەبێت فتوای بەدناوی جەهاد دەربکات؟

ئاخۆ دەکرێ وا بیر بکەینەوە کە خومەینی هێندە گەمژە بوویێت کە نەزانێ خەڵکی کورد یان ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد زۆربەی هەرە زۆریان موسوڵمانن و باوەڕمەندیش بە ئیسلامن و تەنانەت چەندین مەلا و شێخ لە ناو بزوتنەوەکەدا ئامادە بوون.

یان ئەگەر پێمان وابێت خومەینی وەک کەسێکی بێ ئاگا فتوای دەرکردبێت کە بە ڕاستی دوور لە زەینە ئاخۆ بۆ دەبێت کەسانێک وەک بازرگان و بەنی سەدر و بە دەیان کەسی دیکە و تەنانەت ئەو حیزبە چەپ و مارکسیستییانەش کە لە نەتەوەی باڵادەست بوون و پاڵیان بە کۆماری ئیسلامییەوە دابوو ببنە سەربازی جێبەجێکەری ئەم فتوایە؟

کەوابوو هەرچەند بڕیاری فتوا لە لایەن خومەینییەوە دەرچووە، لە هەمان کاتدا زۆرینەی هەرەزۆری ئێلیتی نەتەوەی باڵادەست پشتیوانی بە کردەوەی جێبەجێ کردنی ئەم فتوایەن.

دەبێت بۆ وەرگرتنی وڵامی پرسیارەکەمان بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بووە هۆی ئەوەیکە خومەینی ئەم فتوایە دەربکات یانی شاری پاوە.

شاری پاوە سەر بە پارێزگای کرماشانە و لەڕاستیدا یەکێک لە دەروازەکانی زاڵبوون بە سەر گەورەشاری کرماشان و لەم ڕێگەشە و زاڵبوون بە سەر خوارەوەی زاگرۆس و پەلکێشانی بزوتنەوەی کوردە بۆ خوارەوە یانی ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان و کەنداو، کە لە ئێستادا ناوی درۆینەی کەنداوی فارسیان لەسەر داناوە! هەر بۆیە خومەینی و باقی ڕێبەرانی ناوەندگەرا هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کردووە و وایان لێکداوەتەوە کە بە هێزی ئەرتەش ناتوانن بەر بەم مەترسییە مەزنەی سەر باڵادەستبوونی خۆیان بگرن هەر بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەستی ئایینی گشت خەڵکی وڵاتی جوغرافیای ئێران.

شەڕ هەر ئەو کات لە دوو پارێزگای سنە و ورمێ لە هەموو شارەکان و تەنانەت ناوەندی ئەم پارێزگایانە کە دەیان قات لە پاوە مەزنترن دەقەومێ بەڵام خومەینی فتوای جەهاد دەرناکات! لەڕاستیدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پاڵەویش لە سەر ئەو ڕاستییە ساغ بونەتەوە کە ناتوانن دوو پارێزگای ورمێ و سنە لە کوردبوون بسڕنەوە بەڵام لەو لاشەوە لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئەم دوو پارێزگایە قەبارەیەکی وایان نییە بەبەراورد لەگەڵ گشت ئێران کە تەنانەت بە لەدەسدانی حاکمیەتیشیان بە شێوازی کاتی مەترسی گەورە لە سەر دەسەڵاتیان و ناسیۆنالیزمی فارس دروست ببێت، هەر بۆیە گشت هەوڵیان ئەوەیە کە کورد لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان و تا دەگاتە کەنداو ئاسمیلە بکەن و بەر بەوە بگرن کە دەنگی حەقخوازی و دژایەتی لەگەڵ کۆلۆنیالیزم بگاتە ئەم پارێزگانە هەر بۆیە کاتێک هەست بە مەترسی دەکەن دەزانن ئەگەری ئەوە هەیە کە دژایەتی لەگەڵ کۆلۆنالیزم بە شێوازی کردەیی و ڕێکخراوەیی خەریکە باڵ بۆ ئەو ناوچانە دەکێشێ بۆیە خومەینی ناچار دەبێت بڕیارێکی فاشیستییانە بۆ هێشتنەوەی نەتەوەی باڵادەست بدات و لە ئاخرین پیلان و دەرکردنی فتوای جەهاد هەر چەند بە قیمەتی بەدناوکردنی خۆیشی بێت کەڵک وەرگرێت.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەو کات ناسیۆنالیزمی فارس و ئەو کەسانەی کە بە وتەی خۆیان دژ بە ئایینیش بوون لەهەمبەر ئەم کردەوەدا هەڵوێستیان نەگرت و پشتیوانیشیان لێکرد، جا هەر بۆیە لەڕاستیدا دەگەین بەو باوەڕەی کە ئەمە فاشیزمی فارس بوو بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات لە دەستی خۆیدا و بە هەست کردن بە مەترسی بۆ بەردەوامی کۆلۆنالیزمی نەتەوەیەک خۆی لە ژێر عەبای ئاییندا دەشارێتەوە بۆ ئەوەی ساکارتر و بەناوی ئایینەوە داخوازی ڕەوای نەتەوەیەک سەرکوت بکات.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە پاش فتوای جەهاد و پاش ئەوەی هێزەکانی خۆیان لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان سەقامگیر دەکەن و پاشەکشە بە بزوتنەوەی کورد دەکەن بۆ پارێزگاکانی ورمێ و سنە ئیتر ناوێک لە فتوا و کوشتن و حەلاڵ بوونی سەر و ماڵی کوردان ناکرێت و تەنانەت دێنە سەر باسی وتووێژیش، هەرچەند لەم بارەوە بەرخۆدانی خەڵک و پێشمەرگە کاریگەری مەزنی داناوە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەو ماوە زەمەنییەدا چۆک دابدات و داوای وتوویژ لە خەڵکی کوردستان بکات بەڵام ئەوە کاتێکە کە مەترسی لەسەر شۆڕبوونەوەی خەباتی دژە کۆلۆنالیزم لە ناوچەکە تێپەڕیوە، هەر بۆیە خومەینی زۆر فریوکارانە داوای وتوویژ دەکات بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی خۆی و بە شێوازی کاتیش ئیزنی ئەوە دەدات زۆربەی ئاخی کوردستان لە دوو پارێزگای سنە و ورمێ لە ماکۆوە هەتاکوو نزیک پاوە لە دەس خەڵک و پێشمەرگەدا بن.

هەر بۆیە سەرنجدان بە سێ واقعیەتی

یەکەم: دەرکردنی فتوای جەهاد دژ بە نەتەوەی ئێمە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلام و ئایینی ئیسلامەوە نەبوو.

دوو: دەسەڵاتی ناوەندتەوەر کەڵک لە هەموو شێوازێک وەردەگرێت بۆ پێشگرتن بە شۆڕبوونەوەی خەباتمان بۆ خوارەوەی زاگرۆس تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی بەدناوکردنی خۆیان و مێژوویان بێت و تا هەنووکەش زیاترین پیلانیان بۆ دابڕانی ئەم ناوچانە لە خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی بە هەر شێوازیک داوە.

سێ: نەتەوەی ئێمە و خەباتەکەی ئەگەر بتوانێت خەبات بۆ ڕامالینی داگیرکەر بگەیێنێتە ئەم ناوچانە لەڕاستیدا سەرکەوتنمان مسۆگەر بووە.

بە باس کردن لە کۆی ئەم خالانە دەبێ بگەینە ئەو قەناعەتەی کە خالی گرنگ لە بزوتنەوەی ئێمەدا کرماشانە و لەوێشەوە شۆڕبوونەوە بەرەو کەنداو هەر بۆیە ڕاسان و خەباتی نوێمان کە پشت بەستوو بە ئەزموونەکانی ڕابردوومانە و دابڕاو لەو خەباتە پڕشکۆیە نییە بۆ ئەوەی بتوانێ چارەنووسی خۆی یەکلایی بکاتەوە دەبێت چەقی خەباتی بگوێزێتەوە ئەو ناوچانە و ئەو کاتەیە کە دەبینین دەسەڵاتی ناوەند چۆن چۆکمان لەهەمبەردا دادەدات و لە کۆلۆنالیزم بۆ هەمیشە و بە یەکجاری ڕزگارمان دەبێت.

> **هەرچەند لە وڵاتی ئێراندا لێکۆڵینەوەیەکی دەرونشیکاری زانستی لە سەر کەسایەتی خومەینی نەکراوە و لە بنەڕەتدا ئیزن بە کارێکی لەو چەشنە نادرێت بەڵام بە وتار و قسە و کردەوەکانیدا دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە خولیای خوێنڕژان و کوشتن بووە جا چ ئەم کوشتنە لە دژبەرانی بوویێت یان لە نزیکانی خۆی**

> **پاش فتوای جەهاد و پاش ئەوەی هێزەکانی خۆیان لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لۆڕستان سەقامگیر دەکەن و پاشەکشە بە بزوتنەوەی کورد دەکەن بۆ پارێزگاکانی ورمێ و سنە ئێتر ناوێک لە فتوا و کوشتن و حەلاڵ بوونی سەر و ماڵی کوردان ناکرێت و تەنانەت دێنە سەر باسی وتووێژیش**

# خەباتی مەدەنی پاژنە ئاشیلی ڕێژیمە

مامۆستا پێکۆڵ



هەر ڕێژیمێکی سیاسی بەپێی پێکهاتە، ستراکتۆر و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ شارۆمەندان، خاوەن هەندێ خاڵی لاواز و بەهێزە. جین شارپ شارەزا و پسپۆر لە بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی لە سەر ئەو باوەڕەیە، پاژنە ئاشیل و خاڵی لاوازی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، خەباتی مەدەنییە. بە باوەڕی ناوبراو سەرەتاییترین وانەی دونیای سیاسەت ئەوەیە کە هێزە دێموکراتیکە بەرهەڵستکارەکان بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ورد و واقعبینانە، خاڵی لاوازیی دیکتاتۆر دەستنیشان بکەن. لە سەر بنەمای لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ، پێویستە خاڵی لاواز بکرێتە ئامانج، ئەگینا وەکوو پێویست دەستکەوتی نابێت.

ئیستدلال و بەڵگەی شارپ بۆ ئەم ئیدیعایە ئەوەیە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە شێوەی یاسایی و لە ڕەوتێکی دێموکراتیکدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە نەگرتووە و خاوەن هیچ جۆرە مەشروعیەت و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نین؛ کەوابوو بۆ پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتە کارتۆنییەکەیان پەنا دەبەنە بەر هێزی سەخت و خۆیان بە هەموو چەکوچۆڵ و کەرەستەیەکی مودێڕن تەیار دەکەن. لە بارودۆخێکی وەهادا، زۆر ئاساییە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە بواری نیزامی و بەشی سەرکوتدا بەبەراورد لەگەڵ بەشی مەدەنیدا بەهێز و لەسەرتر بن. بە دیوێکی تریدا بە ئامانج گرتنی بەشی نیزامی و چەکداری لە قازانجی هێزە دێموکراتیکەکاندا ناشکێتەوە.

باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم فەرزییە و گریمانە ئەوەیە، زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەشێکی زۆر لە بودجەی وڵات بۆ کەرتی نیزامی، سەرکوت و داپڵۆسین تەرخان دەکەن، لە بەرانبەردا بە هەمان ڕادە بەشی خزمەتگوزاری و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی لە پەراوێز دەخەن. نموونەی زەق و هەرە بەرچاو لەم پێوەندییەدا کە بۆ هەمووان ناسراوە، ڕێژیمی سەرەڕۆ و دژی گەلی ئاخوندییە کە بێجگە لە یارمەتی ژێربەژێر بۆ دەست و پێوەندییەکانی لە ناوچە، بەشێکی زۆری بودجەی ساڵانەی خۆی بە شێوەی یاسایی بۆ ئەم کەرتە تەرخان دەکات. سەرەڕای هەموو ئەم پرسانە، بەردەوام و بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەوڵی ئەوەدایە، خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی گەلانی ئێران بەرەو ئاقاری توندوتیژی ببات و دواتر بە بیانووی توندوتیژی و ئاژاوەنانەوە سەرکوتی بکات.

بە پشت بەستن بەو فاکتەرانەی خرانە بەرباس، ژیرانە و عەقڵانیتر وایە کە خەباتی مەدەنی وەک چەقی سەرەکی خەبات ڕەچاو بکرێت. چونکە خەسار و تێچووی کەمتری هەیە، لە بەرانبەردا دەستکەوتی زیاتری هەیە و باشتر لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم دەگونجێت.

بە باوەڕی شارپ بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی لە دوو ئاستدا گرینگە: یەکەم، قۆناخی پێش ڕووخاندنی دیکتاتۆر، دووهەم، قۆناخی دوای ڕوخاندن. گرینگی خەباتی مەدەنی لە ئاستی یەکەمدا، بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا بەڵام گرینگی خاڵی دووهەم لەوەدایە کە لە ئەنجامی ڕووخانی دیکتاتۆردا لە خۆڵەمێشی دیکتاتۆری پێشوو دیکتاتۆرێکی دیکە سەرهەڵنادات.

شارپ سەرەڕای گرینگیدان بە خەباتی مەدەنی وەک تەوەری سەرەکی، لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکاتەوە، خەباتی مەدەنی بەبەراورد لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی خەبات ئاڵۆز و فرەڕەهەندترە و چەندین ڕەهەندی دەروونی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. بە هەمان شێوە چەندین شێوازی جیاوازیی وەک بایکۆت، هاوکاری نەکردن، مانگرتن، خەباتی جەماوەری و هتد دەگرێتەوە، کەوابوو پێویستی بە مەشق و ڕاهێنان و قسەوباسی زیاترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدا، هەروەها بە هۆی تەشەنەسەندنی نارەزایەتی و پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران و بە تایبەت ناوچە ئیتنیکییەکاندا، پێویستە زیاتر لە ڕابردوو گرینگی بە خەباتی مەدەنی بدرێت.

پێویستە بگوترێت کە گرینگیدان بە خەباتی مەدەنی بە مانای پشتگوێ خستن و نکۆڵی لە گرینگیدان بە شێوازی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە نییە. بە واتایەکی تر پێویستە هەموو بژاردەکان و شێوازەکانی خەبات لە سەر مێز بن و بە گوێرەی پێویست و بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن دەکار بکرێن. بە مەرجی ڕەچاوکردنی کات و شوێنی بەکارهێنانی خەباتی چەکداری، نەتەنیا لەگەڵ خەباتی مەدەنی لە دژایەتیدا نییە، بەڵکوو پاڵپشت و تەواوکەری یەکترن.

سەرەڕای گرینگی و کاریگەری خەباتی مەدەنی، بەدڵنیاییەوە ڕێژیمی گەندەڵی ئاخوندی تەنیا بە خەباتی مەدەنی لە نێو ناچێت، بەڵکوو لە هەندێ وێستگەدا پێویستە هێزی چەکدار ڕۆڵی چارەنووسسازی خۆی بگێڕێ. بێجگە لەوەش تەنانەت بۆ قۆناخی دوای ڕێژیم، هێزی پێشمەرگە بۆ هاوسەنگی هێز و دابینکردنی داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبێت. کەوابوو پێویستە بەگوڕتر لە ڕابردوو پەرە بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بدرێت، تاکوو ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە شەکاوەیی ڕابگرێت و هیوا و ئومێد بە چالاکانی خەباتی شار بدات.

وەک دواقسە پێویستە خەباتی مەدەنی ببێتە چەقی خەبات و، شار وەک شوێنگەی سەرەکی ململانێکان، لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگە بەردەوام وەک فرۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئامیارو پارێزەری خەباتی شار بێت.

# ڕێگە و ڕێکخراو




تەپی ماڵان

بە درێژایی مێژووی گەلی بندەست و چەوساوەی کورد، ناوەندگەرا و دەسەڵاتداران بەردەوام هەوڵیان داوە کە کورد وەکوو تاک هەڵسوکەوت بکات و لە بازنەی تەسکی عەشیرە و تایفەدا بمێنێتەوە و هەرگیز خۆی لە جلوبەرگی ڕێکخراو و تەشەکول و NGO دا پێناسە نەکات و لەو تریبوونە مودێڕن و سەردەمیانەوە بانگەشەی مافەکانی خۆی نەکات .

بۆ ئەم مەبەستە بە هەموو جۆرە پرۆژە و بەرنامە و پیلانی بۆ دادەنێن و خەرجی لەپێناو ئەکەن.

ئەم بیرۆکەی دەمبەستن و چاوبەستن و لە کوێرەدێ ڕاگرتنەی کورد تایبەت بە دەوڵەت و دەسەڵاتێک نییە بەڵکوو لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا چ لە دەور دەسەڵاتی پاشایەتی و هەروەها ئێستایشدا لە لای نەتەوەی سەردەست ئەو عەقڵیەتە هەربووە و هەیە.

نیشانەکانی هەوڵی سڕینەوە و کاڵکردنەوەی ڕێکخراو لە نێو کۆمەڵگای کورددا لە گەلێ شوێندا بە زەقی و بەرچاو دیارە :

کورد وەکوو تاک هەتا پلەوپایەی فەرماندار و جێگر و بەرپرسی دامودەزگا و دایرەکاندا هەڵ ئەکێشن بەڵام هەر ئەو تاکە ئەگەر وەکوو ئەندام و لایەنگری ڕێکخراوی کوردی بێ، کەمترین سزای سێدارەیە!!

ئەوانەی گرتووخانە و زیندان و ژوورە تاریکەکانیان دیتووە دەزانن لە هەر هەموویاندا یەک قسە و ئاخر قسەیان ئەوەیە و دەڵێن ئەندامی کام ڕێکخراوی؟ لە شەقام و بازاڕدا وەکوو تاک هەر لێدوان و تەنانەت جنێوێکیش بدەی لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆی نییە!! بەڵام وەک ئەندامی ڕێکخراو ناتوانی هیچ چەشنە لێدوانێکت ببێ .

کەوابوو دوژمنان دەزانن دەست بنێنە کوێ و دەیشزانن چی دەتوانێ کۆمەڵگا بە بیروباوەڕتر و شۆڕشگێڕتر بکات. دەزانن هەرچەشە ویست و داخوازییەک وەکوو تاک داوا بکرێ بە مەرگی ئەو کاریزمە و کەسایەتییە داواکارییەکەی ئەبڕێتەوە بەڵام هەر ئەو داخوازییە وەک ڕێکخراو داوا بکرێ بە مەرگ و شەهیدبوونی دەیان سەرکردە و هەزاران ئەندام هەر دەمێنێتەوە و دەم بە دەم دەیڵێنەوە .

دەزانن وەکوو تاک هاوار و گازەندەت لە ناوچەکەی خۆت زیادتر تێناپەڕێ و ناتوانیت دەنگت بگەیەنیتە گوێی هەموو جیهان، بەڵام وەکوو ڕێکخراو بەردەوام دەتوانی لەگەڵ میللەتانی جیهان پێوەندی دروست بکەیت و دەنگی مەزلوومیەت و بێ مافی گەلەکەت بە هەموو کۆڕوکۆمەڵەکانی جیهان بگەیەنیت .

هەربۆیە دەبێ گەلانی وەکوو کورد بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بن ویست و داخوازییەکانیان لە تریبۆنی ڕێکخراوەکانەوە دەرببڕن و ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕیزەکانی ڕێکخراو پتەوتر بکەن.

کوردگوتەنی: لە کەم کەم و لە زۆر زۆر! لە هەر شار و گوند و ناوچەیەک لە هەر سێنف و پیشە و کۆڕوکۆمەڵێکدا، لە هەوڵی دامەزراندن و پێکهێنانی تەشەکول و NGOدا بن کە بێ شک بەم چەشنە ڕوانینە و نەهادینەکردنی کۆمەڵگا کەمترین خەسارەت و زۆرترین دەسکەوتی دەبێ.

# لە میلیشیاگەرییەوە بەرەو بەدەوڵەتبوون



زرێبار

بە دەسەڵات گەیشتنی تاڵیبان جۆش و خرۆشێکی لە ڕادەبەدەری لە نێو سوونەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ئاسیادا درووست کردووە و ئەو هێز و وزەیە لە داهاتوودا لە کونتڕۆڵ دەرئەچێ؛ ئەمەش وا دەکات کە وڵاتانی پڕحەشیمەتی ئیسلامی کە لەودیوی دەسەڵاتی شێعەی ئێراندا دەژین، دەتەنێتەوە. ئازادبوونی وزە و ئینێرژی حەشیمەتی گەورەی ئیسلامی سوونە لە ژێر دەسەڵات و خوێندنەوەی گروپێکی وەک تاڵیبان، بێگومان کاریگەری لە سەر ئیسلامی خۆماڵی لە ڕوسیا، چین و هێندوستاندا دەبێ.

هەر چەند ئێستە جۆرێک ڕێککەوتن لە نێوان ڕوسیە، ئێران و تاڵیباندا هەیە بەڵام بە تێپەڕینی زەمەن خوێندنەوەی نوێ لە دەقە دینییەکاندا درووست ئەبێ و گروپ و دەستەگەلی جیاواز لە دژی ڕوسیایەک درووست ئەبێ کە نیو سەدە دژایەتی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەیە. هەروەها چینی کۆمۆنیست و هێندوستانی بەرەهمایی و بودایی پزیسکی شەڕی ئیسلامخوازییان بەردەکەوێ.

دنیای ئیسلام ئەگەر بەلای دوو بەشی شێعەی بلوکی ڕۆژهەڵاتی و سوونەی بلوکی ڕۆژئاواییدا دابەش بووە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دینی و مێژوویی بۆ دۆستایەتی سوونە و ڕۆژهەڵات( کۆمۆنیست) نییە. چوونە نێو بەرەی ئێرانی لە لایەن تاڵیبانەوە بە شێوەی تاکتیکییە و بۆ هەمیشە مسۆگەر نابێ. کۆماری ئیسلامی هەرچەند لە نێو جەرگەی کارەکەدایە بەڵام بە ڕاستی ترسێکی گەورەی لێنیشتووە و خێرا دەنگی نارەزایەتی پەنابەرە ئەفغانییەکانی لە تاران و مەشهەد بەرز کردەوە.

لە ژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا دەرەتان بە چالاکی کەمینە جیاوازەکان نادرێت و شێعەکان بەشێکی وەهایان لە دەسەڵاتداریدا نابێ مەگەر ئەوەیکە یەک دوو پارێزگا لە لایەن هاوپەیمانانەوە بۆ خەڵکی ئاوارە و شێعەکان و ...، پارێزبەندی بکرێ.

مەولەوی عەبدولحەمید لە بەلوچستان خۆشحاڵی خۆی بۆ سەرکەوتنی تاڵیبان دەربڕی کە ئەوەش یانی کاریگەری لە سەر سوونەکانی ئێران هەیە. بە گشتی هەر سیاسەتێک لە پشت ئەو ڕووداوانەوە ببێ، زەرەرەکانی بە سەر وڵاتانی ناوچەکەدا دەشکێتەوە. هەڵکەوتی ئەفغانستان بە جۆرێکە کە ئێران وەک دیوارێکی پۆڵایین پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دابڕیوە و هەروەها دەریای عەمان وەک سنوورێکی ئاوی پێوەندی وڵاتی ئیسلامی پاکستانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا پێکهێناوە.

گەشەکردنی بزوتنەوەی تاڵیبان لە ڕۆژهەڵاتدا زۆربەی حەشیمەتی موسوڵمانانی جیهان دەگرێتە بەر و هەروەها کارتێکەری لە سەر بزوتنەوە توندڕەوەکان لە وڵاتانی دیکەدا دەبێ.

سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی دینی جیاواز لە سنووری ئێراندا تێچوویەکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی بە دواوە دەبێ و هیچ گەرەنتییەک بۆ مانەوەی ئەو هاوکێشە و باڵانسانەی ئێستە، لە داهاتوودا نییە.

# موختار هوشمەند:

## لە گەڕانەوەی تاڵبان بۆ ئەفغانستان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە دەسەڵاتی ناتەبا و گەندەڵ چۆناوچۆن خەڵکی وڵاتێک دڵسارد و ناهومێد دەکات و دەبێتە هۆکاری تێکچوونی شیرازەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

گەڕانەوەی چاوەڕواننەکراوی تاڵبان بۆ دەسەڵاتی ئەفغانستان دۆخێکی جیاوازی لەو وڵاتە و لە ناوچەکە هێناوەتە پێش، بەهۆی ئەو دۆخەوە بەشێکی خەڵک لە هەوڵدان ئەفغانستان بەجێ بهێڵن و نایانهەوێت لە ژێر دەسەڵاتی تاڵبان کە دنیای دەرەوەش لێی نیگەرانە ژیان بە سەر بەرن. لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز ‹‹موختار هوشمەند›› کارناسی بواری ئیسلامی سیاسی، چۆنییەتی گەڕانەوەی تاڵبان، کاریگەرییەکانی لەسەر ئەفغانستان و ناوچەکە و چارەنووسی ئەو وڵاتەمان هێناوەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

### -چۆن بوو کە تاڵبان دەستی بەسەر ئەفغانستاندا گرت؟

بزووتنەوەی تاڵبان لەو کاتەوە کە ئامریکا هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە و کۆتایی بە خولی یەکەمی ئیمارەتەکەی هێنا، بەردەوام هەوڵی بۆ گێڕانەوەی ئیمارەت داوە و بێ پسانەوە شەڕی هێزەکانی ناتۆ و ئەفغانی کردووە. بەردەوامیی هێرشەکانی تاڵبان بووە هۆی ئەوە کە پاش ماوەیەکی کورت بەشێکی خاکی ئەو وڵاتە بکەوێتەوە دەست ئەو بزووتنەوەیە. دیارە تاڵبان لە پشتیوانیی چەندین دەوڵەت و هێزی ناوچەیی بەهرەمەند بووە و بەردەوام لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانی لۆجستیکی کراوە. پاکستان و ئێران ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە یارمەتیدانی تاڵباندا و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەش ڕاستەوخۆ یارمەتی ئەوانی دەدا؛ چەکدارەکانی شانبەشانی هێزەکانی تاڵبان شەڕیان دەکرد و ئامادەی گۆڕەپانی «جیهاد» بوون. جگە لە پشتیوانیی دەرەکی و یارمەتیی ڕاستەوخۆی قاعیدە و شێلگیری و بەردەوامیی خودی تاڵبان لە «جیهاد»دا، پێکنەهاتنی هێز و لایەنەکانی ئەفغان پێکەوە و نوقمبوونی دەسەڵاتدارانی وڵات لە گەندەڵیدا هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێکی تۆکمە و خاوەن ئۆتۆریتە لەو وڵاتەدا نەیەتە ئاراوە و ڕۆژبەڕۆژیش گەندەڵی و ناکۆکییەکان زیاتر دەبوون و ئیتر لە سەردەمی «ئەشرەف غەنی»دا گەیشتبوونە ئەوپەڕی خۆی و ئەمەش لەلایەک ئامریکا و هێزەکانی ناتۆ و لەلایەکی تریشەوە خەڵکی ئەو وڵاتەی لە دەوڵەتی ئەفغانستان ناهومێد کردبوو؛ بۆیە کاتێک هێزە دەرەکییەکان وڵاتەکەیان بەجێهێشت، لە ماوەیەکی کورتدا تاڵبان توانیی بۆ جارێکی تر بەشی هەرەزۆری خاکی ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکاتەوە و هەوڵی دابەزاندنەوەی شەریعەت و دامەزراندنەوەی ئیمارەتی ئیسلامی لەو وڵاتە بداتەوە. هەڵبەت وەک بینیمان چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵبان جگە لە دوو سێ ویلایەت کە بەربەرەکانێیان لە بەرانبەردا کرا و بە شەڕ ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کرد، ویلایەتەکانی تر لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە تەسلیم کران و ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ گەڕانەوەی خێراتری تاڵبان. باس لەوە دەکرێ کە پێشتر جۆرە ڕێککەوتنێک لەنێوان لایەنێکی نێودەوڵەتی ئەفغانستان و تاڵباندا هاتیبێتە ئاراوە بۆ تەسلیمکردنی وڵات و دەسەڵات بە وان.

### -بە دەسەڵات گەیشتنی تاڵبان لە ئەفغانستان دۆخی ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟

بەدەسەڵات گەیشتنەوەی تاڵبان بە ڕووداوێکی گرینگ ئەژمار دەکرێت و بەم هۆیەشەوە سەرنجێکی زۆری دەخرێتە سەر و هەرکام لە وڵاتانیش تێبینی خۆیان لە سەر ئەم ڕووداوە هەیە. لە ناوخۆی ئەفغانستاندا خەڵک بە تایبەت توێژی گەنجی ناو شارەکان و ژنان تووشی شۆکێکی گەورە هاتوون و لە هەوڵدان تاکوو خۆیان دەرباز بکەن. ئەوان متمانەیان بە بەڵێنەکانی تاڵبان نییە و لەو باوەڕەدان کە تەنیا تاکتیکن. هەروەها دنیای دەرەوەش بە هەمان شێوە باوەڕ و متمانەی بە بەڵێنەکانی تاڵبان نییە و تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە پشتیوانی لۆجستکی و سیاسییان لە تاڵبان کردووە، متمانەی تەواویان بەو بزووتنەوەیە نییە. هەروەها هەبوونی دوو بۆچوونی زاڵ لە نێو تاڵباندا وای کردووە کە بە ئاسانی هەم لە نێوخۆی ئەفغانستان و هەمیش لە دەرەوە، باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەوان نەکرێت. لە نێو تاڵباندا بۆچوونێکی ئیسلاحی و تا ڕادەیەک لیبراڵ هەیە کە بەڵێنەکانی ئەم قۆناغە بۆ ئاشتەوایی و دامەزرانی دەسەڵاتی هاوبەش و پێوەندیی گرتن بە وڵاتانەوە و زۆر شتی تر، لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆچوونەکەی تریش کەمتر باوەڕی بە نەرمی نواندن هەیە و لەو باوەڕەدایە کە نەرمی نواندن تەنانەت ئەگەر ڕووکەشیش بێ، لە داهاتوودا بە زیانی بزووتنەوەکە دەشکێتەوە. بۆیە ترسی ئەوە هەیە لە داهاتوودا بۆچوونی ڕادیکاڵ هێژمۆنی خۆی بسەپێنێت و بەمەش تاڵبان دەبێتە هەڕەشەی جیدی هەم بۆ سەر خەڵکی ئەفغانستان و هەمیش بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە بە گشتیی. لەبیرمان نەچێ کە تاکوو ئێستا ڕێکخراوی ئەلقاعیدە خۆی بە موبایەعی ڕێبەری تاڵبان دەزانێت و ئەیمەن زەواهیری بەیعەتی بە مەلا هەیبەتولا ئاخوندزادە داوە و ئەم پێوەندییەش، دوودڵییەکی زیاتری لە ناوچەکەدا دروست کردووە. لەلایەکی تریشەوە، گەڕانەوەی دووبارەی تاڵبان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەوتی «جیهاد»ی لە ناوچەکەدا دەبێ و سەرنجێکی هەڵوێست و برووسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوە ئیسلامی و جیهادییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆناوچۆن بەم سەرکەوتنەی تاڵبان شاگەشکە بوون و گوڕوتینێکی نوێیان گرتووە.

### -ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە کە هێزەکانی ئامریکا لە ناوچەکە بکشێنەوە، دەستبەسەرداگرتنی تاڵبان بەر سەر ئەفغانستان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئێستا دەیبینین لەو وڵاتە، چ قازانجێکی بۆ ڕێژیمی ئێران هەیە؟

قازانجی یەکەم ئەوەیە کە هێزەکانی ئامریکا ئەفغانستانیان جێ هێشتووە و ئەمەش لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زیاتر لە هەموو لایەک خواست و ویستی کۆماری ئیسلامی بووە و وەک لە هەڵوێستی بەرپرسانی ئێرانیدا دەبینرێ، ئەوان بەمە زۆر خۆشحاڵن. هەر لەو پێناوەشدا بوو کە پاش نزیکبوونەوەیان لە تاڵبان، بۆ ماوەیەکی زۆر پشتیوانیی ئەو بزووتنەوەیان دا تاکوو سەرکەوتن بەدەست بێنێت. هەروەها بۆ کۆماری ئیسلامیی گرینگە کە لە دراوسێیەتی ئەودا دەسەڵاتێک سەر هەڵنەدات کە گرینگی بە چەمکە مۆدێرنەکان بدات و دێموکراسی و ئازادیی ڕاستەقینە تێیدا جێگیر بێت. بۆیە لەم ڕووەشەوە هاتنە سەرکاری تاڵبانی پێخۆشە بە تایبەت لەحاڵێکدا کە تاڵبان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە تەواوی لە عەرەبستانی سعوودی دوور کەوتووەتەوە و هەڵسووکەوتی لەگەڵ شیعەکانی ئەفغانستاندا گۆڕیوە، ئەمە زیاتر هانی کۆماری ئیسلامی دەدات تاکوو یارمەتی تاڵبان بدات و پشتیوانیی لە گەڕانەوەی ئەوان بکات. لەلایەکی تریشەوە بەو پێیەی کە ئێران و ئەفغانستان سنوورێکی هاوبەشی دووردرێژیان هەیە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەو ناوچە سنوورییانە بەردەوام ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی لەئارادا بوو، هەوڵ دەدات تاکوو لە ڕێگای تاڵبانەوە کۆتایی بەم دۆخە بێنێت و ڕێگا لە هاتوچۆی هێزە نەیارەکانی خۆی بەتایبەت «جەیشولعەدڵ» بگرێ. وەک بینیشمان لە ماوەی یەک دوو مانگی ڕابردوودا و لە میانەی پێشڕەوییەکانی تاڵباندا، چەندین ئەندام و سەرکردەی جەیشولعەدڵ لەلایەن تاڵبانەوە کوژران و ڕفێندران بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دۆخە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت یان نا؟ بە باوەڕی من تاڵبان هیچکات بە تەواوی ناکەوێتە ژێر سەیتەرە و کۆنترۆڵی ڕێژیمی ئێرانەوە و نایهەوێ بە هەمان شێوەی حەماس و جەهادی ئیسلامی فەلەستین، ببێتە داشەهارەی ئێران و بە نیسبەت ئێرانەوە زیاتر دەیهەوێ وەک ڕێکخراو و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ڕەفتار بکات. هەروەها لە وڵاتی ئێراندا ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی سوننە مەزهەب دەژین کە ساڵانێکی زۆرە پەراوێز خراون و لەژێر گوشاردان و زوڵمیان لێ دەکرێ و ئەگەری زۆرە ئەمە لە داهاتوودا و لە ئەگەری بەردەوامبوونی تاڵباندا لە دەسەڵات، کێشە ساز بکات. کاتێک تاڵبان هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ شیعەکانی ئەفغانستان دەگۆڕێت و ئامادەیە جیاواز لە جاران لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکات، ئاساییە ئەو چاوەڕوانییەشی لە کۆماری ئیسلامیی دەبێ کە لەگەڵ سوننەکانی ئێران بە تایبەت پێڕەوانی مەزهەبی حەنەفییەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە باشی هەڵسوکەوت بکات و واز لە سەرکوتی ئەوان بێنێت.

### -ئایا کۆمەڵگای جیهانی تاڵبان قەبووڵ دەکات؟

ئەگەر تاڵبان خۆی بیهەوێ ئەوە کۆمەڵگای جیهانیی بەتایبەت وڵاتان قەبووڵی دەکەن. وەک چۆن کۆماری ئیسلامییان قبوول کردووە! پێوەر بۆ کۆمەڵگای جیهانی لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە تاڵبان تەنیا بیر لە دامەزراندنی دەسەڵات و ئیمارەت لە چوارچێوەی وڵاتی ئەفغانستاندا بکاتەوە و نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی تر و ئەوەی کە پێی دەڵێن ئاسایش و تەناهیی جیهانی. کاتی خۆشی هەمان داوا لە تاڵبان کرا و پێیان وترا کە ئەگەر دەتانەوێ هێرش نەکرێتە سەرتان، پێویستە ئێوەش وەکوو سوودانییەکان «ئوسامە بن لادن» و سەرکردەکانی ئەلقاعیدە وەدەر بنێن! بەڵام «مەلا عومەر» ئەمەی قبووڵ نەکرد و ئیتر پاش هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبر، هێرش کرایە سەر ئەفغانستان و کۆتایی بە ئیمارەتی تاڵبان هات. وەک دەبینن ئێستا هەمان داخوازییش ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووەتەوە و داوای لێدەکرێ واز لە دەستێوەردان لە وڵاتانی تر و پشتیوانیکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان بهێنێ ئەمەش بووەتە مەرجێکی سەرەکیی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران. بۆیە وڵاتانی جیهان نایانهەوێ لە بە فەرمی ناساندنی تاڵباندا پەلە بکەن و دەیانهەوێ مەرجەکانی خۆیان و بەڵێنەکانی تاڵبان لێک گرێ بدەن و لەوە دڵنیا ببنەوە کە ئایا تاڵبان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە یان نا؟ ئایا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەریان یان نا؟ ئایا جارێکی تر داڵدەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک قاعیدە دەداتەوە یان نا؟ و زۆر پرسیاری تر کە تەنیا بە تێپەڕینی زەمەن وەڵامیان بۆ پەیدا دەبێت. بەڕای من ئەمە مەرجی سەرەکیی دەبێ بۆ وەرگیرانی تاڵبان و ئیمارەتەکەی لە ئاستی جیهانیدا و بەداخەوە هەڵسوکەوتی ئەم بزووتنەوەیە لە نێوخۆی ئەفغانستاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێ و ناکرێت بە مەرجی سەرەکی. وەک چۆن هەلومەرجی ناوخۆیی ئێران و بەنیسبەت خەڵکی ئەو وڵات و کەمایەتییە ئێتنیکی و ئایینییەکانەوە نەکراوەتە مەرج و پێوەری ڕاستەقینە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێژیمی ئێران. دیارە هەندێ لە وڵاتان پێشوەخت و بەشێوەی مەرجدار بەشێوازێکی نافەرمی تەئیدی تاڵبانیان کردووە بەڵام ئەوانیش هێشتا بە گومانن و متمانەی تەواویان بەو بزووتنەوەیە نەکردووە. ئەوان مەرجی خۆیانیان دەبێ بۆ دانپێدانانی فەرمی بە دەسەڵاتی تاڵباندا لە ئەفغانستان، بۆ نموونە «چین» وەک دراوسێیەکی تری ئەفغانستان کە لە خولی پێشووی دەسەڵاتدارییدا و پاش تەقاندنەوەی پەیکەرەکانی بوودا، نێوانی لەگەڵ تاڵبان بە تەواوی ئاڵۆز بوو، ماوەیەک پێش ئێستا وەفدێکی تاڵبانی بانگهێشتی ئەو وڵاتە کرد و لە ئاستێکی بەرزدا لەگەڵیان کۆبووە تاکوو لە نزیکەوە قسەیان لەگەڵ بکات و لەوە دڵنیا ببێتەوە کە تاڵبان چ ڕاستەوخۆ چ لە ڕێگای داڵدەدان و پشتیوانیکردنی ئیسلامخوازەکانی چینەوە، کێشە بۆ ئەو وڵاتە دروست ناکات. هێندییەکانیش بە هەمان شێوە بۆیان گرنگە تاڵبان نەبێتە پشتیوان و هاندەری جیهادییەکانی کشمیر و ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسانی تاڵبان، ماوەیەک پێش ئێستا وەفدێکیان ڕەوانەی دۆحە کرد و لەگەڵ نوێنەرانی تاڵبان کۆبوونەوە. بۆ ڕووسیاش زۆر گرینگە کە ئیمارەتەکی تاڵبان نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر هاوپەیمانەکانی لە ئاسیای میانە کە بریتین لە ئۆزبەکستان و تاجیکستان و تورکمەنستان کە لەلای باکوورەوە دراوسێی ئەفغانستانن.

### --داهاتووی خەڵکی ئەفغانستان چی لێ بەسەر دێت؟

بەداخەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە دەریان خست کە زەرەرمەندی سەرەکی پێش و پاش گەڕانەوەی تاڵبان بۆ ئەفغانستان، خەڵکی ئەو وڵاتە بوون و ئێستا ئەوان لە دۆخێکی خراپی پڕ لە بێ هیواییدان. بەتایبەت گەنجان و ژنان تووشی زەرەری گەورەتر هاتوون و سەرباری ئەوەی تاڵبان دەیهەوێ نەرمتر لە جاران هەڵسووکەوت بکات بەڵام ئەوان متمانەیان پێیان نییە و نازانن داهاتوویان چۆن دەبێ. دەسەڵاتی پێشوو سەرباری ئەو هەموو یارمەتییەی لە وڵاتان وەری دەگرت، هیچکات بیری لە پێشخستنی کۆمەڵگای ئەفغانستان نەکردەوە و بەرپرسان بەشی زۆری داهات و یارمەتییەکانیان دزی و دواجاریش سەرۆکی وڵات میلیاردها دۆلاری لەگەڵ خۆی برد! ئێستا دڵەڕاوکە و ترس باڵی بەسەر کۆمەڵگای ئەفغانستاندا کێشاوە و ئەوان نە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا و نە لە دەرەوەش هیچ پشتیوانییەکیان لێ ناکرێت و دۆخی نالەباری ئەوان ناکرێتە مەرج بۆ هەڵسووکەوتی دنیای دەرەوە لەگەڵ تاڵباندا. ئەوەندەی کە تاکوو ئێستا دەرکەوتووە، بەشێک لەو خەڵکە هیوابڕاوە دەیانەوێ خۆیان دەربازبکەن و وڵاتەکە جێبهێڵن. بەشێکی تریش بڕیاریان داوە بمێننەوە و دژایەتیی دەسەڵاتەکەی تاڵبان بکەن. ئەمانە بریتین لە خەڵکی ئاسایی دانیشتووی شارەکان بە تایبەت کابوڵی پێتەخت و لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا چەند جارێک لە سەر شەقامەکان ئامادەبوون و دەستیان دایە دژایەتی تاڵبان. هەروەها هەندێ لە بەرپرسانی دەسەڵاتی پێشوو و کەسایەتییە ناسراوەکان کە لە دۆڵی پەنجشیر جێگیر بوون و دەیانەوێ لەگەڵ تاڵباندا بجەنگن. کەسانی دیاری ناویان بریتین لە «ئەمروڵڵا ساڵح» جێگری ئەشرەف غەنی، «ئەحمەد مەسعوود» کوڕی جەنگاوەری ناسراو ‹‹ئەحمەدشا مەسعوود››، « ژنراڵ بسم الله» وەزیری بەرگریی دەوڵەتی پێشوو و دەیان بەرپرس و فەرماندەری تر و زیاتر لە ۲۰ هەزار چەکدار. بەڵام ئەگەر وڵاتانی جیهان دەسەڵاتە نوێیەکەی تاڵبان بە فەرمی بناسن و تاڵبان سوور بێ لە سەر بەڵێنەکانی و نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی تر، ئەوا بەرەی باکووری جێگیر لە پەنجشیر شانسی بەردەوامبوونیان نابێ و پشتیوانییەکی وایان لێناکرێ و ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش ڕوو بدات ئەوا پشتیوانی دەکرێن و لانیکەم دەتوانن لە ویلایەتەکانی باکووری ئەفغانستاندا کێشەی جیددی بۆ دەسەڵاتەکەی تاڵبان دروست بکەن.

### -گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستان چ وانە و ئەزموونێکی بەدواوە بوو؟

بێگومان گەلێک ئەزموونی بەدواوە دەبێ. بۆ نموونە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە دەسەڵاتی ناتەبا و گەندەڵ چۆناوچۆن خەڵکی وڵاتێک دڵسارد و ناهومێد دەکات و دەبێتە هۆکاری تێکچوونی شیرازەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە و شانسی ئەوە بە لایەنێکی کۆنسێرڤاتیف و ئۆپۆرتۆنیست دەدات تاکوو لەو بۆشاییەدا کە دێتە ئاراوە، سەرکەوتن بەدەست بێنێت و خۆی بسەپێنێت. هەروەها ئەوەشمان بۆ سەلما کە سووربوون لە سەر داخوازییەکان (ئەگەرچی لێرەدا نموونەکە ڕێکخراوێکی دواکەوتووی وەکوو تاڵبانە) دواجار دەتوانێ بگاتە ئامانج. ئەزموونی یەکەم دەتوانێ بۆ دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان بەکەڵک بێت و ئەو وانەیان پێبدات کە بەردەوامبوونی ناتەبایی و گەندەڵی هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر ئەو قەبارەیە. ئەزموونی دووهەمیش وانەیەکی گەورەیە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو پەیامەیان پێبدات کە دەتوانن بە زاڵکردنی ڕۆحی هاوکاری و هاوپەیمانی و پشت بەستن بە هێزی خۆیان و جەماوەر ئاڵوگۆڕی گەورە بخولقێنن و ببنە کاراکتەرێکی جیددیتری نێو هاوکێشەکان.

# وریشەی پرشـــنگی گەلاوێژ

هیوا خانی

ئەو کات لە دیاربەکر و هەولێر و سولەیمانییە سترانی جووڵانەوەی نەتەوەخوازی خۆیان لە کۆلەکەی دەرهێنابوو و بە ئاشکرا لە دوژمنیان ڕادەخوڕی و بۆ دەرەوەیان بە گوێدا دەدان؛
لە دەوری بەحری خوێیەش باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەشکری ئێرانی وەلەرزە خستبوو و لە مەیدانی شەڕانخێوی ئەسپی دەهێنا و جۆڵلانێی دڕی بە لەشکری ترسەنۆک دەدا.
دیتیان دەرەقەتی هێزی نایەن لێی دەکەوتنە فێڵان.
بە درۆ و دەهۆی دوژمنان دەداو دەکەوێ.
کەشێکی مات و سامناک هەوای موکریان دادەگرێ.
لێ گەلۆ چما ئێمە پاش گلانی سەرکردەمان مات و دەستەوەستان ڕاوێستاین؟
لە شۆڕشی ئاگری داغ، شێخی پیران، دەرسیم و بارزان، شێخ مەحمودەکەی حەفیدم شۆڕش پاش هەموویان دامرکاوە؟
ڕەوتێکی مێژوو ڕادەبرێ
یەکێکیتر سەرهەڵدەدا
دەئاژوێ بەرەوژوور
هەتا لوتکە
دیسان دەگلێ
دیسان!!!
دیسان!!!
هەتا کەنگێ!
پشکۆی بن خۆڵەمێشی مێژووی هەرەسی شۆڕشەکان لە موکریان قەقنەس ئاسا خۆ دەبوژێننەوە.
ئارام
لەسەرەخۆ
هێدی هێدی
فوو بە پۆلووی تەیاری کۆمەڵ دادەکەن.
ئەو جار هیچیان سەروک عێڵ و خان و شێخ نین.
ئەمجار خوێندەواری ئەم دەڤەرە خۆ لە باوی باو لادەدەن پەنامەکی دادەنیشن مێژووی شۆڕشەکان پەڕبەپەڕی ئاودیو دەکەن
دێرەوەکان سەنگ و سوکی دەکەن.
بە زانستی ڕۆژ وەدەست دێنن ژێربەژێر زانیارێکان،
کتێبەکان دەگۆڕنەوە،
دەخوێننەوە.
ئاڵوگۆڕی پێدەکەن بە نهێنی،
دەست وێکدەدەن
تەنزیماتێک دادەڕێژن زۆر نهێنی بەو چەغماغە دڵی هەموو کوردان ئاگر دەدەن .
پاش دووهەم شەڕی جیهانی لە سایەی نەحسی ئێرانی کۆتایی شەڕ،
شەڕ بەرۆکی ئێمەی گرتەوە.
تەیارەی ڕەش، پیاوی سووری چاوشین لە هەرێمی ئێمە دابەزین.
لەشکری شا خۆڕانەگرت.
هەژار فەرمووی: بە بڵاوبوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی
بڵاوبۆوە ئەرتەشی شاهەنشاهی
ئەوی ڕەشیدەکەیان تفەنگەکەی بەنان دەدا ئەوانی تر فڕێیان دەدا و بە بەرگی ژنان هەڵاتن و خۆیان قوتار کرد.
ئاساری شەپکە نەما.
دنیا ئەمن و ئەمان،
گورگ و مەڕ وێکڕا ئاویان دەخواردەوە.
ئەو خوێندەوارانەی تەیار بوون بەنهێنی
ڕەگیان لە ناو دڵی گەلی خۆیان داکوتابوو
تەنزیماتیان لە ژێرەوە هەتا ماڵی قازی شاری ڕاکێشابوو.
ئێشکی شار و ناوچەیان دەکێشا.
چاوی بینای ئەو بینایییە هەلی هەڵکەوتووی قۆستەوە.
ساڵداتی ڕووس کە ئەو مایە پڕمایەیان لە شارەزا و خوێندەواری ئەو هەرێمە چاو پێکەوت دەستی هاوکاریان وەدەست دا.



هەڵکەوتەکان بە پیرۆزی هەڵکەوتن و گۆپاڵیان لە خیزی دەرهات،
خۆیان تەکاند،
دایانەخۆی تەنزیماتیان سەروبن کرد بەرگی تازەیان لەبەرکرد.
ناوی دێموکراتیان لێنا.
خەڵکیان جاڕ دا
داوەرووکان جەماوەری تامەزرۆ جمبوور جمبوور لە گشت لاوە، هوڕایان بۆ دێموکرات کێشا شادباشیان بەشێوە ژێکافەکان ژیانەوە کە ژێکافیان گەورە بووە بۆتە دێموکرات.
« مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات بژی دێموکرات «
لەدایکبووی گەلاوێژ
پڕشنگی هەموو دنیای تەنییەوە
چاوی دوژمنانی کوێر کرد.
ئەو گوڵەی پڕشنگی گەلاوێژ لە ڕێبەندانی هەمان ساڵدا پشکوت.
کۆماری جەماوەری لە ناخی خەڵکی کوردستان لە دایک دەبێ.
ئاڵای سێ ڕەنگ دەشەکێتەوە بە گوڵی گەنمی وەرزێڕ،
دەنەخشێندرێ بە قەڵەمی خوێندەوار،
بە هەتاوی دوارۆژی کورد،
بە چەرخی کارگەی کرێکار
بە خوێنی سووری شەهید
بە سەوزایی کوردستان
بە دڵی سپی و سافی تاک تاک کوردی بەڕێز.
بەڕێـــز لە بن داری ئاڵای تازە سرودی نەتەوەیی دەڵێنەوە:
« کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان» ...
سەربازی کورد دەبێتە پێشمەرگە و بە ناوی سپای میللی بۆ ڕێز سان دەبینن
گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچن
زمانی کوردی لە فێرگەکان دەخوێندرێ.
کۆمارێکی تاقانە لەو دەڤەرە سەرهەڵدەدا و سەرکۆمارێکی ژیر و بەبیر ڕێبەرایەتی جەماوەر وەئەستۆ دەگرێ.
کۆتایی بە هەرەسی شۆڕشەکان دێ
لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٤٢ خەنەی خەمنێژی وریشەی پرشنگی گەلاوێژ لە دەستی گەلی کورد دەدرێ و مانەوە و ماندگاری بۆ هەتاهەتایە مسۆگەر دەبێ.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :805 · 22 August 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## پیرۆزبایی

# بەبۆنەی هاتنی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات کۆمەڵێک لایەن و هێزی سیاسیی کوردستانی پەیامی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکرات ناردووە کە بەم چەشنەن:

### مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەبۆنـەی یـادی ٧٦ سـاڵەی دامەزرانی (حیزبی دێموکراتی کوردسـتان)، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێز لێپرسراوی گشتی و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کەسـوکاری سـەربەرزی شـەهیدان و سـەرجەم ئەندامـان و کادرە تێکۆشـەرەکەتان دەکەیـن. (حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان) سـێ چارەگە سـەدەیە تەمەنی سیاسـی وخەباتگێـڕی تێدەپەڕێنێت و ڕەگ و ڕیشـەی لەنێـو مێـژووی کـورد چەسـپاندووە و هیچ کات پەرگیر نەبووە لە خەمی گەلەکەی و بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی، (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بەرپرسیارەتی مێژووی نیشتمانی و نەتەوەیی قورسی لەسـەر شـانە. ئومێد دەخوازیـن خەباتی سیاسـیی (حیزبی دێموکراتی کوردسـتان) بـۆ یەکخسـتنی تـەواوی توانـا و هەوڵـەکان بەردەوام بێـت لەپێنـاو بەدیهێنانی مـافی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بە ڕێگەی چارەی سیاسـی و ئاشـتییانە و دیالۆگ.

**بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**

### یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەڕێز: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ئەندامانی مەکتەبی سیاسـی و سـەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران .
سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت .
بەبۆنـەی «٧٦»ـەمین سـاڵیادی دامەزراندنـی حیزبە تێکۆشـەرەکەتان جوانترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین .
حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران خـاوەن خەباتـی دیـارە لـە گۆڕەپانـی شۆڕشـی ڕزگاریخوازیـی گەلەکەمـان، هیوادارین ئەم یـادەی ببێتە مایەی زیاتر بەرەوپێشبردنی حیزبتان و پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا .
دوبارە پیرۆزبێت.
دەزگای پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

**دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە**

### پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە بۆ ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی ٧٦ـەمین سـاڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران گەرمتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی ئەندامانی سـەرکردایەتی و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەتان دەکەین.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو حیزبانە بووە کە بۆ وەدەستهێنانی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات خەبات و تێکۆشـانی کـردووە و پێشـمەرگە و لایەنگرانـی حیزبەکەتـان لـەم ڕێگایـەدا هاوشـان لەگەڵ حیزبەکانـی دیکـەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات فیـداکاری و گیانبازییان کردووە. هیواداریـن بـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی یەکگرتـن و یەکریـزی لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات، هەموومان پێکەوە هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرین.
جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە سەرجەم تیکۆشەران و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کەمئەندامان و زیندانییانی سیاسی حیزبەکەتان دەکەین.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**

### پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

بۆ بەڕێز/ ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاوێکی گەرم
بەبۆنـەی تێپەڕینـی ٧٦ سـاڵ لـە خەبـات و تێکۆشـانی خەڵکی تێکۆشـەر و نیشـتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دامەزراندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردستانی ئێران، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانتان و خەڵک و جەماوەرە تێکۆشەرەکەتان دەکەین.
حیزبـی دێموکـرات لـە سـاتەوەختێکی مێژوویـی و پـڕ لە شـانازیدا و لە سـایەی کۆمـاری کوردسـتاندا دامـەزرا کـە بـۆ ئـەو کاتـە دەسـکەوتێکی گرینگ بوو بـۆ ڕێکخسـتنی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵانـی خەڵـک و خڕکردنەوەیـان لـە چوارچێـوەی حیزبێکـی پێشـکەوتووخوازی پێشـڕەودا، لـە هەمـان کاتـدا ئومێد و چرایەکی پڕشنگداریش بوو بۆ تەواوی پارچەکانی تر بە تایبەتیش بۆ باشووری کوردستان.
پێمان وایە داگیرکەرانی کوردستان دەبێ لەوە تێبگەن کە ناتوانن تا سەر نکوڵی لە گەلی کورد و نیشتمانە داگیرکراوەکەی بکەن و لە ڕێگای سەرکوتکاری و زبر و توندوتیژییەوە درێژە بە سیاسەتی داگیرکاری بدەن. ئەگەر بیانەوێت گەلانی ناوچەکە و دەوڵەتەکانیان ئارام و سـەقامگیر بێت، پێویسـتە دان بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردسـتاندا بنێن و کۆتایی بە سیاسـەتی داگیرکاری و قڕکردن بهێنن. زەمینەی ئاشـتی و پێکەوەژیان و خۆگونجاندن لە ڕێگای دێموکراسـی و یەکتر قەبوولکردن بهێننە ئاراوە.
ئێمە لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، وێڕای پیرۆزبایی دووبارەمان بۆ یادی دامەزراندنی ٧٦ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیارین ئـەم بۆنەیـە بکرێتـە هاندەرێک بۆ زیاتـر بەرەو ڕێکخسـتن و یەکگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ئومێدواریـن هەماهەنگـی و هاوکاریـی هاوبـەش لـە چوارچێـوەی سـتراتیژیکی هاوبەشـدا لەنێـوان حیـزب و لایەنەکانـی ڕۆژهـەڵات زیاتر بەرەوپێـش بچێت و هەر کار و ئەرکێکیش بە ئێمە بکرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان بێگومان دەریغی لێ ناکەین.

**هەر سەرکەوتوو و سەرفەراز بن**
**لەگەڵ ڕێزماندا**

### بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان

بـەڕێز دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاوی ئازادی و تێکۆشان
بەبۆنـەی یـادی ٧٦ سـاڵەی دامەزراندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، گەرمتریـن پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکەیـن و هیواداریـن ئـەم یادە ببێتـە هاندانی زیاتر بۆ تێکۆشـان لە پێناو گەیشـتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشـتمانییەکان کە ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەمانی تێدا بەرجەستە بووەتەوە.
خەباتی نەپسـاوە و پڕ لە فیداکاریی حیزبە تێکۆشـەرەکەتان بە درێژایی دەیان سـاڵ، وانەیەکـی پـڕ بەهـا و مێژووییە بـۆ نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردسـتان و پاڵپشتێکی بەنرخە بۆ بەردەوامیی خەبات لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانی گەلەکەمان.
هیوادارێـن ئـەم یـادە ببێت بە هاندەرێک بۆ یەکگرتنـەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات و پێکهێنانی بەرەیەک بۆ هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان کە ئەمە دەبێتە فاکتەری سەرەکیی یەکڕیزی و سەرکەوتن.
جارێکی دیکە بە گەرمی پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و جەخت لە پێوەندی دێرین و مێژوویی نێوانمان دەکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسی**
**بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان**

### یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

برای بەڕێزمان کاک مسـتەفا هیجری لێپرسـراوی گشـتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
سڵاوێکی برایانەی گەرم...
بەڕێزان؛ بە ناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تـەواوی ئەندامانـی یەکیەتیـی نەتەوەیـی دێموکراتـی کوردسـتان YNDK، بەبۆنـەی (٧٦) حەفتاوشەشـەمین سـاڵیادی دامەزراندنـی حیزبـە تێکۆشـەرەکەتان (حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران) جوانترین پیرۆزبایی ئاراسـتەی بەڕێزتان و تـەواوی هەڤاڵانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دەکەیـن و هێڤیداریـن سـاڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەتان ببێتە فاکتەری پێشـڤەچوون و خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی زیاتر لەپێناو خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.
بەڕێـزان؛ لـە کاتێـکدا کـە یـادی دامەزراندنـی «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران» دەکەنەوە، کوردسـتان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە شـێوەیەکی گشـتی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ڕەوشـێکی زۆر ناسـک و هەسـتیاردان و چاوەڕوانـی هاتنەپێشـی کۆمەڵێک ئەگەر و پێشـهات و گۆڕانکاریی مەزن دەکرێت، لەسـەر هەمـوو لایەکمان پێویسـتە ڕەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشـتمانی بکەین و لەپێنـاو یەکیەتـی و یەکدەنگیـی کـوردان و سـوود وەرگرتن لـە گۆڕانکارییەکان خەبـات بکەیـن، بێگومـان یەکبـوون و یەکدەنگیمـان کاریگەرتریـن چەکمانـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پیلانـی دوژمـن و ناحەزانمـان، بـە بـاوەڕی ئێمـە لەم پێناوەشـدا یەکگرتنـەوەی هـەردوو حیزبـی دێموکـرات و پێکهێنانـی بەرەیـەک بـۆ هێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی سەرتاسـەری دەبێتـە فاکتـەری سـەرەکیی یەکڕیزیمـان، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکمـان لـە پێنـاو ئەم ئامانجەدا تێبکۆشین.
لـە کۆتاییـدا؛ دووبـارە هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازیـن و سـڵاو لـە خەبـات و بەرخۆدانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەکەیـن و بـە چـاوی ڕێزەوە لێـی دەڕوانین و هیوای پێشـڤەچوون و سـەرکەوتن بۆ خەباتی ڕۆژهەڵاتی وڵات دەخوازین و جەخت دەکەینەوە لەسـەر پتەوکردن و پێشـڤەبردنی پێوەندیی برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشـڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردسـتان و گەیشـتنمان بە مافە ڕەواکانمان.

**لەگەڵ سڵاو و ڕێزی دووبارەماندا**
**هەر بژین و سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان**
**براتان**
**غەفوور مەخمووری**
**سکرتێری گشتی**
**یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان**

### حیزبی ڕزگاریی کوردستان

بەڕێز کاک مستەفا هیجری لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەڕیزان، ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
وێڕای سڵاوێکی گەرم
بەبۆنەی ٧٦ـەمین سـاڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، بە ناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لەسـەرکردایەتی حیزبی ڕزگاریی کوردسـتان، جوانتریـن و گەرمتریـن پیرۆزباییتـان لـێ دەکـەم و لـە ڕێـی ئێـوەی بەڕێزیشـەوە پیرۆزبایـی لـە ئەندامانـی سـەرکردایەتی، کادر، پێشـمەرگە و ئەندامانـی حیزبـە تیکۆشـەرەکەتان دەکـەم. بـەو هیوایـەم کـە یادی ٧٦ـەمین سـاڵەی دامەزراندنی حیزبـە خەباتگێڕەکەتـان وەک هەمیشـە پێداگـری لەسـەر بنەماکانـی بەرگری و بەرخۆدان بکاتەوە و کاریگەری زیاتری لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان دابنێ.
بەڕیـزان، ئیمـە لـە حیزبـی ڕزگاریی کوردسـتاندا شـانازی بە پێوەنـدی لەگەڵ حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران دەکەین و پەرۆشـی پەرەپێدانی پەیوەندین لەگـەڵ حیزبـە خەباتگێڕەکەتـان و سـەرجەم لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، چونکـە یەکڕیزیـی نێوماڵـی کـوردەواری مەرجـی پێشخسـتنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و نزیک بوونەوەیەتی لە ئامانجە پیرۆزەکانی.

**لە دوماهیدا سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخوازین.**
**ڕێکار ئەحمەد**

### یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران

بە ناوی پەروەردگاری بێ هاوتا
بەڕێـزان ڕێبەرایەتـی و کادر و پێشـمەرگە قارەمانەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردستانی ئێران!
بەبۆنـەی ٧٦ـەمین سـاڵوەگەڕی دامەزراندنـی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتەخوازین ئامانجەکانی ئەم حیزبە نەتەوەییە بەدی بێت.
حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران یەکەمیـن حیزبـی مۆدێـڕن و خـاوەن بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسییە کە توانی خۆی لەگەڵ هەموو پەسندکراوەکانی کۆمەڵـگای نێونەتەوەیـی ڕێـک بخـات و داخوازییەکانـی گەلـی کـورد بـە شـێوەیەکی شارسـتانییانە هەم بە گوێی دوژمنان و هەمیش کۆمەڵگای جیهان بگەیەنێت، ئـەم حیزبـە هەڵقـوڵاوی کۆمەڵـگای کوردسـتانە و حیزبـی هەمـوو چین و توێژێکی ئەم نیشـتمانەیە و گرینگی بە داخوازیی گشـت دانیشـتووانی کوردسـتان داوە، حیزبێکـی نەتەوەیـی و بەدیهێنـەری بەیداخـی یـەک بـوون و نیشتمانپەروەرییە.
ئێمە وەک یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردسـتانی ئێران وێڕای پیرۆزباییمان، هەردەم پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دووپات دەکەینەوە.

**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی**

### یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران

مامۆسـتایانی سـەنگەری زانسـت، زیندانییانی سیاسـی، بنەماڵەی سـەربەرزی شەهیدان!
لە ٧٦ـەمین سـاڵوەگەڕی دامەزراندنـی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێراندا پەیمانی وەفاداری لەگەڵ قوتابخانەی چوارچرا نوێ دەکەینەوە.
٢٥ی گەلاوێژ چرا و مۆمی ڕووناکیی خەباتە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستان.
یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ٧٦ـەمین سـاڵوگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، لەگەڵ خوێنی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی پەیمان دووپات دەکاتەوە کە هەردەم پێشمەرگەئاسا لە خەباتی ڕاساندا ڕێبواری ڕێگایان بین.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢١ کوردی**

### یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستانییانی سەربەرز!
تیکۆشەرانی دێموکرات!
٧٦ سـاڵ پێش ئیسـتا، لە کۆمەڵگای وریا و ئازادیخوازی کوردسـتانی ئێران و بە ئیرادەی خەڵک و پێشـەنگایەتیی کەسـایەتییە بەرزەکانی کورد، حیزبی دێموکرات وەکـوو یەکـەم حیزبـی مودێڕنی کـوردی دادەمەزرێـت، هەتاکوو کوردسـتانییان بە ئامانجیان نزیک بکاتەوە.
حیزبێـک کـە بیـر و هزر، توانا و داخوازییەکانی هەموو چین و توێژەکان لە خۆیدا بەشدار دەکات و پرەنسیپێکی دێموکراتێکی پێ دەبەخشێت کە هەمووان لەم حیزبەدا هاودەنگ و هاوشـان، بۆ سـەروەریی نەتەوەیی و پاراسـتنی کەرامەتی تاکی کورد هەتـا ئێسـتاش لە تێکۆشـان بەردەوامـن. بە لەبەرچاوگرتنی مێـژووی خەباتی کورد هەتا ئیستا و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەو ئاراستەیەدا، دەتوانین بڵێین کە ئەم حیزبە وەکـوو پێشـەنگێک لـە خەباتـی نەتەوەیـی . دێموکراتیـک توانیویەتـی فۆرمێکی نـوێ و سـەردەمیانە بـە خەبـات بـۆ ئـازادی بـدات و لـە هەمـوو بڕگەکانـی پڕ لە شـانازیی تێکۆشـانیی خۆیـدا، بـە خوێندنـەوەی ورد و زانسـتییانە و بـە سـتراتێژیی تایبـەت ببێتـە ڕێنیشـاندەری خەبات. یەکێک لە خاڵە هـەرە بەرچاوەکان لە خەباتی حیزبی دێموکراتدا، بەشداریی هەموو چین و تویژەکان بە تایبەت توێژی لاوانە کە هەمیشـە وەکوو سـەرمایەیەکی نەتەوەیی لەم حیزبەدا لەبەرچاو گیراوە و بە پەروەردە و خولقاندی دەرفەت بۆ بەشـداریی لاوان لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات، توانیویانە ببنە خاوەن هەڵوێسـت و ئیرادە و لە سـەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بۆ بەرەوپێشبردن و بە ئامانج گەیاندنی خواستی توێژەکەیان و نەتەوەکەیان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت. بەدڵنیاییەوە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بە سـتراتێژی و ئامانجـی دوارۆژی و تێکۆشـانی خەباتکارانـی نێـو ئـەم سـەنگەرە پیـرۆزە و بـە پاڵپشتی و هاوشانیی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وەکوو هەمیشە بەردەوام دەبێت و داهاتوویەکی گەش و بەختەوەرانە چاوەڕوانی کوردستان دەکات.
بـەرز و پیـرۆز بێـت ٢٥ی گەلاوێـژ، ٧٦ـەمین سـاڵڕۆژی دامەزراندنـی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی کوردستان**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی**